
# کوردبوو

## لەبەردەم بەعێراقیبوونەوەو نەیارانی ناوخۆییدا

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

دژایەتیکردنی پرۆژەی ئەگەری دەوڵەتداربوونی کورد، لە سایەی دژایەتیکردنی ئەو کاراکتەر(انەدا) کە نوێنەرایەتی ئەم داوایە بۆ جیاوازیی نەتەوەیی ئێمە لە ئەوانیتر دەکەن و هێنانەوەی کۆی ئەو بەڵگانەی کە کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەم پرۆژەیە، لە مشەخۆرییەك بەسەر کوردبوون و لە خۆگەوجاندنێکی کەڵەکەبووی مێژووییەوە هاتووە، کە دوژمنان ئێمەیان پێ پەروەردە کردووە. بەم کەسانە تەنیا دەتوانرێ بگوترێ: بەردەوامبن لە دژایەتی سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەو هۆکار و سیفاتانەی کە لەم مرۆیەدا هەیەو ئێوە بە بەڵگەی زۆری خۆتان بەدڵتان نین، بەڵام سوکایەتی بە مافێك مەکەن، کە مافێکی ڕەوا و کێشەیەکی مێژوویی بەحەقیی میللەتێکە لەسەرووی کەسێکی تایبەتەوە، بۆ هاتنەدیی خەونە نەتەوەییە مێژووییەکەی. جیاکردنەوەی بەڵگە سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕقبوونەوە و ڕەتکردنەوەی کەسەکان، لە کێشەی ڕەوای نەتەوەیەك کارێکی ئەقڵانیی و ئەخلاقییە، نەك بەستنەوە و بچووکردنەوەی کێشەیەك و هەوڵدان بۆ خەڵك ساردکردنەوە و متمانە سڕینەوەی نەتەوەیی لە نەوەیەك، بەهۆی ئەو ڕقەی لە کەسانێك هەمانە. با خەون و ئامانج و دەستکەوتەکە بێتەدی، ئەو جا بە دادگای ئەو خەون و ئامانجە پێش هەمووکەس سەرۆکی هەرێم دادگایی بکەن. ڕەنگە ڕۆژگارو ساتەوەختە کورتخایەنەکان لەبەرامبەر ئەم دژایەتیکردن و سوکایەتیەدا دەستخۆشییەکمان لێبکات و پۆپۆلیزمی سیاسی پەرەپێدەین، بەڵام کاتێك مێژوو داوەریی خۆی لە داهاتوودا دەکات، دەچینە بەرەی دوژمن و خیانەتکارانی نەتەوەکەمانەوە.



ماوەیەکە بە دیارچاوی هەموومانەوە بیرۆزییەکی بێ هاوتاو بێنموونە بە بوونی کوردیانەمان و بە مافی سرووشتی و مەدەنیمان لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاواتی نەتەوەییمان، دەکرێت و ئەمەش لە جۆرەها بەڵگەو پاساوهێنانەوەی جۆربەجۆرەوە دەپێچرێت و رای گشتیی و بەتایبەتیش نەوەی نوێ، کە زەخیرەی داهاتووی نەتەوەییمانە، پێدەترسێنرێت، تاکو دەست لە دەروەستییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی هەڵبگرێت..

لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم بیرۆزییە زۆرن، هەر لە دوژمن و نەیارانەوە، تا بەدحاڵییانی ناوخۆیی و هەندێك لە رۆشنبیران. بەمدیوی تردا، هەوڵدانێکی جیدیی هەیە بۆ بچووکردنەوە و کورتکردنەوەی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سیما و هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمدا و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەسانێکی سەربەخۆ، بەڵام خاوەن ئینتیمای نەتەوەیی قسەی خۆیان ناکەن، نەبا بخرێنە بەرەی سیاسیانەو حزبیانەی لایەنێکەوە و لەمەشدا هەندێك لە راگەیاندنەکانی پارتی بەو سیاسەتی تەرویجکردنەی گرتویانەتە بەر، خەڵکێکی زۆری خاوەن رایان لەو بارەیەوە تاراندووەو بابەتی دەوڵەتی کوردی لە پیاهەڵداندا کورت کراوەتەوە.

من دەمەوێت وەك نووسەرێك بۆ مێژوو لەمبارەیەوە، کە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە و لە بڵاوکردنەوەی کتێبی (قەفەسی ئاسنین: یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟) وە هەڵویستی هزریی خۆمم هەبووە، سەبارەت بەم پرسە، بیروڕای راشکاوی خۆم بۆ نەوەی ئێستاو دوارۆژ دەربڕم و لەو ترسە سایکۆلۆژییە ببپەڕمەوە، کە پشتیوانانی تەرویجگەرا و رەخنەگرانی نەیاری پرۆژەی دەوڵەتی کوردی، دروستیان کردووە.

١. من وەك هاووڵاتییەك لەم وڵاتەدا دەژیم و بەم زمانە قسان دەکەم و دەنووسم و بیر دەکەمەوە، کە بە هی خۆمی دەزانم. من کوردم، هەرچەندە بۆ من کوردبوون جەوهەرێکی بێکەم و کورپی نییە، بەڵام نیگای منە بۆ تەماشاکردنی بوونی مرۆیانەی خۆم و ناتوانم وەك ئایین و بڕوا و کولتوور، دەست لە کوردبوونی خۆم هەڵگرم، بەڵام پەیوەندیی من بەم کوردبوونە ناچاریی و بە رێکەوتەمەوە، پەیوەندییەکی رەخنەگرانەیە و چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکورپیی و پێشێلکارییگەلێك کە لەم وڵاتەدا و بەناوی کوردبوونەوە، دەکرێن، ناکەم. کە دەڵێم من بە ناچاری کوردم، بە مانای ئەوەیە ناتوانم شتێکی تر بم لەوەی کە هەم. من بەبێ خواستی خۆم کوردم، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە ژیانم لە ناو وڵاتیی تر و کولتووریی دیکەدا ژیاوم و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی مەودایەکی کولتووریی لە نێوان من و کولتووری باوی وڵاتەکەمدا دروست ببێت و ئەمەش هەلی ئەوەی داومەتێ کە بەشێوەیەکی خۆچاودێرانە، یان ریفلێکسیڤ، بڕوانمەوە خۆم و کوردبوون و کولتوورەکەم و توانا و ویستی رەخنەکاریم هەبێت. بەم مانایەش کوردبوون بۆ من پیرۆز نییە، بەڵکو دەفرێکە بۆ ئەوەی من لە میانەیدا و بەهۆیەوە و لە پێناویدا خۆم دروستبکەم و شوناسی خۆم بخەملێنم، بۆ ئەوەی توانای ناسینەوەی خۆمم هەبێت، کاتێ لە ئەوانیتر جیاوازم کە ئینتیمایان بۆ کوردبوونی من، وەك من نییە. چونکە ئەگەر ئەم جیاوازییە روونەدات، ئەوکاتە ئەویتربوون و کوردبوون و هەر نەتەوە و میللەتێکیتر بوون مانای نامێنێت. من وەك چۆن ئەم پێناسەیە و ئەم مافە بەخۆم رەوا دەبینم، ئاواش بە ئەوانیتری رەوا دەبینم، کە لە پێناسەکردنیاندا بۆخۆیان، کوردبوونی من جێگەی نابێتەوە. لەبەر ئەوە، جیاوازیی مەرجی بوونی منە، هەروەکچۆن مەرجی بوونی ئەوانیتریشە کە وەك من نین. بەڵام من بۆ بەرجەستەکردنیی جیاوازییەکانم، مەرجی خۆجیاکردنەوەم نییە و من بەو هووشیارییەی هەمە وەك کوردێك دەزانم کە خۆجیاکردنەوە مەترسیدارە بۆسەر بوونی خۆم، لەکاتێکدا بوونی من لە جیاوازییەکانمدایە لەگەڵ ئەوانیتر، بەبێئەوەی ناچاربکرێم لەیەك چوارچێوە و قەوارەی سیاسیی و سیستەمی ئیداریدا بمێنمەوە. جیاوازیی خۆجیاکردنەوە نییە، بەڵکو خۆئامادەکردنە بۆ بەستنەوەی کۆی پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەوانیتر بەبێ زۆر و ناچاری و بەکارهێنانی هەڕەشە و ترساندن و نانبڕاوکردن.

٢. لێرەوە ئەگەر پرۆژەی بیرکردنەوە لە

**بوونی من لە جیاوازییەکانمدایە لەگەڵ ئەوانیتر، بەبێئەوەی ناچار بکرێم لەیەک چوارچێوە و قەوارەی سیاسیی و سیستەمی ئیداریدا بمێنمەوە.**

**جیاوازیی خۆجیاکردنەوە نییە، بەڵکو خۆئامادەکردنە بۆ بەستنەوەی کۆی پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەوانیتر بەبێ زۆر و ناچاری و بەکارهێنانی هەڕەشە و ترساندن**

**لەناو مێژووی ئەو خەباتەی کورد کردوویەتی، ئەوەندەی پەیوەندیی بە کەسەکان و ئەکتەرەکانەوە هەبێت، کەسیان مرۆڤی نمونەیی نەبوون. کەسیان پێغەمبەر و کەسیان بە شێوەی رەها پووخت و بێگەرد نەبوون و مرۆڤیی مێژوویی و ئاسایی بوون**

**ئەم بەدگومانکارییە نیشانەی ئەوەیە لەناو ئێمەدا خودێکی ناتەواو، خودێکی دژبەخۆی، خودێکی ناکامڵ هەیە کە نوێنەرایەتی ئەو ستەم و زۆرو سوکایەتیانە دەکات، کە لە مێژووداو لەبەر جیاوازبوونەکەمان و ئەو بەرگرییەی کردومانە بۆ نەتوانەوە لەناو شوناسە سەپێنراوەکانی ئەوانیتردا، رووبەڕوومان بوونەتەوە**

**لە ئێستادا ژمارەی بەدگومانکاران لە کۆمەڵگادا کە (نائەقڵانییەت) لە دارشتنێکی ئەقڵانیانەو (سایکۆلۆژیا) وەک بیرکردنەوەو (پەرچەکردار) وەک شرۆڤەو کردار و (ڕق) وەک ڕەخنە نومایش دەکەن، کەم نین**

**جیاکردنەوەی بەڵگە سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕقبوونەوەو ڕەتکردنەوەی کەسەکان، لە کێشەی ڕەوای نەتەوەیەک کارێکی ئەقڵانیی و ئەخلاقییە، نەک بەستنەوە و بچووکردنەوەی کێشەیەک و هەوڵدان بۆ خەڵک ساردکردنەوە و متمانە سڕینەوەی نەتەوەیی لە نەوەیەک، بەهۆی ئەو ڕقەی لە کەسانێک هەمانە**

دەوڵەت بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیی بێت، پرۆژەی ماف و ڕەوایەتی و حەقێکی نکوڵیی لێنەکراوی منە. مرۆڤ تەنیا لە ناهووشیارییەوە، لە گەوجیی و نەزانیی و خۆبەکەمزانیی و مشەخۆرییەوە، لە دەستبەسەری و ژێرچەپۆکی و کۆیلایەتییەوە، چاوپۆشی لە ماف و رەوایەتی و حەقەکانی خۆی دەکات و ئەمەش لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بۆی دەبێتە بونیادیی سایکۆلۆژییەکەی و وردە وردە لە ئاست (بوونەخۆی)دا، لە ئاست جیاوازییەکانی و لە ئاست مافەکانیدا بێ ئیرادە دەکرێت و بێ ئیرادەیی بۆی دەبێتە قەفەسێك، کە نە دەتوانێ خەونی تێدا ببینێ و نە دەتوانێ سرووشتی خۆی تەحقیق بکات وەك مرۆڤێك.

٣. ئەمە ئەو مێژووەیە کە کوردی فڕێدراوەتەوە ناوی و لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دووردورێژەوە، شوناسگەلێکی پەروایزیی بۆ نەتەوەیەك دروستکراوەو بەسەریدا سەپاوە، کە نەیتوانیوە خۆی لە ناویدا بدۆزێتەوە و جیاوازییەکانیشی ڕێگەی هەر جۆرە توانەوەیەکی هەمیشەیی لەو شوناسە سەپاوانەدا لێگرتوون. ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکی مێژوویی، کە فڕێ بدرێتە مێژووەوە و بەڵام هەر لەو مێژووەدا، فەریادڕەسێکی وەك (جیاوازیی)، نەهێڵێت بکەویتە ناو گەرووی توانەوەی یەکجارەکیی لە دەفرەکانی شوناسی ئەویتردا.

٤. بۆیە هووشیاریی سادەی ئێمە و شێوازیی خەباتگەلێك کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە پێیاندا تێپەڕ بووین، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەو ساتەوەختە هەستکردنەی ئێمەن بە جیاوازیی و ئەو هەستیارییە قووڵ و ترسە زۆرە بەرامبەر بە توانەوە لەناو دەفرە گریمانەکراوەکاندا.

٥. لەناو مێژووی ئەو خەباتەی کورد کردوویەتی، ئەوەندەی پەیوەندیی بە کەسەکان و ئەکتەرەکانەوە هەبێت، کەسیان مرۆڤی نمونەیی نەبوون. کەسیان پێغەمبەر و کەسیان بە شێوەی ڕەها پووخت و بێگەرد نەبوون و مرۆڤیی مێژوویی و ئاسایی بوون، ئەگەرچی ئەو مێژووەی بۆ ئەوان نووسراوەتەوە، زۆرجار واقیعیبوون و سادەیی بوون و ئادەمیبوونی ئەوانمان لێدەشارێتەوەو وێنەیەکی پاکیزەئاسا و بێخەوشی مرۆڤگەلێکمان بۆ دەکێشێ کە ئەقڵ بە ئاسانی پەسەندیی ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسایەتی و قارەمانە کلاسیکیانە، کە لە نێو تەمومژی گێڕانەوەی واقیعیانە و وێناکردنی ئەفسانەییدا، بۆ ئێمە بەشاراوەیی ماونەتەوە، جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی نەوە دوای نەوە بوون، ئەمە لەکاتێکدا سووکایەتیشیان پێکراوە و لەلایەن سایکۆلۆژیای سیاسیی دواترەوە، کەسایەتیان شێوێنراوە. وێڕای ئەوەش هەرکامێکیان دەگریت، لەڕووی کولتوور و ئەتەکیەتی تایبەت و ئاستی دانایی و شارەزایی و غەریزییەوە، مرۆڤی ئاسایی بوون و شتی هەڵە و خراپ و ناپەسندیشیان هەبووە و لەلایەن هاوسەردەم و هاوکاتەکانی خۆیانەوە ڕووبەڕووی رەخنەش بوونەتەوە، ئەگەرچی بەدەگمەن مێژوو ڕەخنەکانی بۆ گواستوینەتەوە. هۆکاری ئەو سوکایەتیانەی پێیانکراوە، یان ئەو وێنە شێواوانە بوون کە بە چاك و خراپ بۆیان دروستکراوە، یان جەهلی زەمانە، یاخود ڕقی تایبەت و سیفاتەکانی خۆیان. بەڵام هۆکاری ڕێزلێگرتنەکەیان ئەو قەناعەتە گشتییە بووە کە ئەمانە لە چوارچێوەی جیاوازیدا داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کردووە، ئەگەرچی سەرکەوتووش نەبوون و زۆربەی هەرەزۆریان شکستیان هێناوە..

٦. بەمجۆرەش ئێمە بۆ چەسپاندنی جیاوازیی خۆمان و داواکردنی ئەو مافە ڕەوایە، پێویستیمان بە مەهدیی چاوەڕوانکراو نییە و مێژووش نمونەیەکی وەهای نەخستوینەتە پێشچاو و زەیینەوە، کە جیاوازییخوازان پاکژکاران و بێگوناهەکانن. ڕەتکردنەوەی مافی جیاوازیی و هەوڵدان بۆ کۆسپ خستنە ڕێی بەدەستهێنانی ئەو مافە بەهەر بەڵگەیەك، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی، یان لایەنانەی داوای ئەم مافە دەکەن و لە داواکارییەکەیاندا بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەیە، جگە لەوەی سایکۆلۆژیایەکی دوژمنکارانە، گورگ لە پێستی مەڕانەی لەپشتەوەیە، ئاواش جیانەکردنەوەی کێشە، ماف، ڕەوایەتیی پرسە حەقەکەیە لە رووخساری ئەو کەسانەی لە ساتەوەختێکی مێژوویدا، بوونەتە نیشانە و هۆکاری ئەم داوایە، یان بانگەشەیە، لەبەر ئەوەی کارەکەیان وەها

لێکدەدرێتەوە کە تەنیا لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و حزبەکەیان ئەو کارە دەکەن.

٧. ئەم بەدگومانیکردنە، تەنیا بەشێکی ڕاستە، چونکە قسە لەسەر مرۆڤ و سروشتیی مرۆیی دەکات. قسە لەسەر مرۆڤی مێژوویی دەکات نەك فریشتەی ئاسمانی. بەڵام ئەم بەدگومانکارییە نیشانەی ئەوەیە لەناو ئێمەدا خودێکی ناتەواو، خودێکی دژبەخۆی، خودێکی ناکامڵ هەیە کە نوێنەرایەتی ئەو ستەم و زۆر و سوکایەتیانە دەکات، کە لە مێژوودا و لەبەر جیاوازبوونەکەمان و ئەو بەرگرییەی کردومانە بۆ نەتوانەوە لەناو شوناسە سەپێنراوەکانی ئەوانیتردا، ڕووبەڕوومان بوونەتەوە. خودی ناتەواو، خودێکی بەدگومان و خودێکە بەدگومانیی وەك گومان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی سیمایەکی ئەقڵانیی بەو نوێنەرایەتیکردنەی چەوسانەوە بدات، کە ئامانجی شکاندن و متمانەسەندنەوەیە لە ڕۆحیی نەتەوەیی ئێمە.

٨. لە ئێستادا ژمارەی ئەمانە لە کۆمەڵگادا کە (نائەقڵانییەت) لە دارشتنێکی ئەقڵانیانە و (سایکۆلۆژیا)، وەك بیرکردنەوە و (پەرچەکردار) وەك شرۆڤە و کردار و (ڕق) وەك ڕەخنە نومایش دەکەن، کەم نین. ئەمانە نوێنەرایەتیی چەوساندنەوەیەکی میراتیانەی ستەمکاران و زبرێکی ڕۆحیی بۆسەر مافی جیاوازیبوون دەکەن و لە ڕێگەیەوە دەیانەوێ پرۆسەی خۆبەکۆیلەکردن لە مێژوویی نەتەوەیی و مرۆیی ئێمەدا درێژە پێبدەن و بیچەسپێنن..

٩. مادام لە مێژوودا ئەوانەی داوای مافە نەتەوەییەکان و جیاوازیی نەتەوەییان کردووە، هیچیان بێگەرد و نمونەیی نەبوون، لە ئێستاشدا دژایەتیکردنیی پرۆسەی بوون بە دەوڵەت بە چاوەڕوانیکردنی هاتنی ئەو کەسە پاکژەوە، جگە لە درێژەدان بە پرۆسەی بەتاڵکردنەوەی خودیی کوردی لە هەرجۆرە هووشیارییەك بەرامبەر بە جیاوازییەکانی، جگە لە ئەنفالکردنێکی مەعنەوی، هیچیتر نییە.

سەرۆکی هەرێم وەك بەگەڕخەری ئەم پرۆسەیە کە تاوانی ئەم پرۆژەیەی دراوەتە پاڵ، وەك کەسێکی مێژوویی و وەك مرۆڤێك کە هەمووکەموکورتییە مرۆیی و سرووشتی و خوداییەکانی مرۆڤ و سنووردارایی دانایی ئینسانیانەی هەیە، مرۆڤێکی بە مانا ئایینی و میتافیزیکیەکەی پیرۆز نییە. ئەویش وەك هەر کەسێکی تر هەڵگری کۆی ئەو سیفاتانەیە کە لە جەوهەری مرۆییدا، کرداری باش و خراپ بەرهەم دەهێنن. بۆیە دژایەتیکردنی پرۆژەی ئەگەری دەوڵەتداربوونی کورد، لە سایەی دژایەتیکردنی ئەو کاراکتەر(انەدا) کە نوێنەرایەتی ئەم داوایە بۆ جیاوازیی نەتەوەیی ئێمە لە ئەوانیتر دەکەن و هێنانەوەی کۆی ئەو بەڵگانەی کە کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەم پڕۆژەیە، لە مشەخۆرییەك بەسەر کوردبوون و لە خۆگەوجاندنێکی کەڵەکەبووی مێژووییەوە هاتووە، کە دوژمنان ئێمەیان پێ پەروەردە کردووە. بەم کەسانە تەنیا دەتوانرێ بگوترێ: بەردەوامبن لە دژایەتی سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەو هۆکار و سیفاتانەی کە لەم مرۆیەدا هەیەو ئێوە بە بەڵگەی زۆری خۆتان بەدڵتان نین، بەڵام سوکایەتی بە مافێك مەکەن، کە مافیکی ڕەوا و کێشەیەکی مێژوویی بەحەقیی میللەتێکە لەسەرووی کەسێکی تایبەتەوە، بۆ هاتنەدیی خەونە نەتەوەییە مێژووییەکەی. جیاکردنەوەی بەڵگە سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕقبوونەوە و ڕەتکردنەوەی کەسەکان، لە کێشەی ڕەوای نەتەوەیەك کارێکی ئەقڵانیی و ئەخلاقییە، نەك بەستنەوە و بچووکردنەوەی کێشەیەك و هەوڵدان بۆ خەڵك ساردکردنەوە و متمانە سڕینەوەی نەتەوەیی لە نەوەیەك، بەهۆی ئەو ڕقەی لە کەسانێك هەمانە. با خەون و ئامانج و دەستکەوتە بێتەدی، ئەو جا بە دادگای ئەو خەون و ئامانجە پێش هەمووکەس سەرۆکی هەرێم دادگایی بکەن. ڕەنگە ڕۆژگارو ساتەوەختە کورتخایەنەکان لەبەرامبەر ئەم دژایەتیکردن و سوکایەتیەدا دەستخۆشییەکمان لێبکات و پۆپۆلیزمی سیاسی پەرەپێدەین، بەڵام کاتێك مێژوو داوەریی خۆی لە داهاتوودا دەکات، دەچینە بەرەی دوژمن و خیانەتکارانی نەتەوەکەمانەوە.

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدبیات/ زانکۆی سەلاحەدین**

> **ڕەتکردنەوەی مافی جیاوازیی و هەوڵدان بۆ کۆسپ خستنە ڕێی بەدەستهێنانی مافی بە دەوڵەت بوون بەهەر بەڵگەیەک، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی، یان لایەنانەی داوای ئەم مافە دەکەن و لە داواکارییەکەیاندا بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەیە، جگە لەوەی سایکۆلۆژیایەکی دوژمنکارانە یە، گورگ لە پێستی مەڕانەی لە پشتەوەیە**

> **ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکی مێژووییە، کە فڕێ بدرێتە مێژووەوە و بەڵام هەر لەو مێژووەدا، فریادڕەسێکی وەک (جیاوازیی)، نەهێڵێت بکەویتە ناو گەرووی توانەوەی یەکجارەکیی لە دەفرەکانی شووناسی ئەویتردا**

> **ئەو کەسایەتی و قارەمانە کلاسیکیانەی کە لە نێو تەمومژی گێڕانەوەی واقیعیانەو وێناکردنی ئەفسانەییدا، بۆ ئێمە بەشاراوەیی ماونەتەوە، جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی نەوە دوای نەوە بوون، ئەمە لەکاتێکدا سووکایەتیشیان پێکراوە و لەلایەن سایکۆلۆژیای سیاسیی دواترەوە، کەسایەتیان شێوێنراوە**

# عێراق
## لە قۆناخی
# پۆست فیدرالیزمدا







# ئەگەر عێراق
# نەبووە دەوڵەتێکی فیدرالی
# هەرێمی کوردستان چ بڕیارێک دەدات؟





بەکارهێنانی زاراوەی (پۆست فیدرالیزم) بەمانای دوای یان پاش فیدرالیزم لەم راپۆرتە بەکارنەهاتووە، لەبەر ئەوەی پۆست کە دەخرێتە پێش زاراوەیەکی سیاسیی یان فەلسەفی، مانای کۆتایی یان فەشەلی ئەو قۆناخە رادەگەیەنێت، هەر بۆنموونە کاتێك دەگوترێت عێراقی پۆست سەدام حوسێن، ئاشکرایە واتە سەدام و رژێمەکەی جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە و کۆتاییان هاتووە، هەروەها کەدەڵێن پۆست مۆدێرنە بەپێی قوتابخانەی فیکری فەرەنسی واتە قۆناخی مۆدێرنە کۆتایی هاتووە و دەبێت قۆناخێکی دیکە دەست پێبکاتەوە. ئەمە وایکردووە هەندێ لە بیرمەندانی هاوچەرخ کاتێك باس لە دوای یان پاش یەکێك لە قۆناخەکان دەکەن، خۆیان لە وشەی (پۆست post–) بپارێزێن و، پەنا بۆ وشەی (دوای ئەو –late) دەبەن، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە باسی دوای قۆناخێك دەکرێت، ئەو مەبەستە نەدات بەدەستەوە کە قۆناخی پێشتر فەشەلی هێناوە یان کۆتایی هاتووە،

هەربۆیە ئەم راپۆرتە لە بەکارهێنانی زاراوەی (پۆست فیدرالیزم لە عێراقدا) راشکاوانە دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە فیدرالیزم وەك فەلسەفەیەکی سیاسیی بۆ رێکخستنی دەوڵەت وەك سیستمی فیدرالیزمی فرە ئیتنی و فرە نەتەوە (multinational and multi ethnic federalism) کە مانای (حکومڕانی هاوبەش – Shared-rule و خود حکومڕانی Self-rule) لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەگرێتەوە، دروستبوونی لە عێراقدا بەبن بەست گەیشتووە و هەوڵدان بۆ دووبارە راستکردنەوەی ئەم پرۆسەیە ئەگەر کارێکی مەحاڵ نەبێت، ئەوا کارێکی هێجگار قورسە و زەحمەتە بتوانرێت عێراقی پۆست سەدام حوسێن و بەعس، ببێتە ئەو عێراقە دیموکراتی و فیدرالیی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەیەی کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

**فیدرالیزمی فرەنەتەوە و**
**ڤیتۆی رەتکردنەوەی پێکەوەژیانی زۆرەملێ**

کورد یان گەلی کوردستان لە عێراقدا، ئەو مافەی نییە سیستمی فیدرالی لەسەر بەشە عەرەبیەکەی عێراق فەرز بکات، بەڵام ئەو مافەی هەیە کە مەرجی خۆی بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بۆ مانەوەی لەچوارچێوەی عێراقدا دیاری بکات، هەربۆیە ئەو مەرجانەی کە لایەنی کوردستانی بۆ مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا دیاریکردوون، مەرجگەلێکن پێویستی بەوە هەیە کە هەردوولا هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی بەغدا پێوەی پابەندبن و دانی پێدابنێن و پێکەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن کە دەبێتە زامنی بونیادنانەوەی ئەو عێراقەی لە دەستووردا دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە،

**کورد لە عێراقدا ئەو مافەی پێنەدراوە کە ئەو وەک نەتەوەیەکی جیاواز بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پێکەوە بژین**

**لە ئێستای عێراقدا کۆمەڵێک هۆکار پێکەوە بوونیان هەیە کە هەر هەموویان هەڕەشە لە ئایندەی سیستمی فیدرالی دەکات، وەک یەکێتیەکی ئارەزووومەندانە بۆ مانەوەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا**

**گرنگە حکومەتی ئێستای عێراق ئەو قەناعەتەی لا دروستبێتەوە، کە مەرجی سەرکەوتنی فیدرالیزمی فرەنەتەوە، بوونی دیموکراتی و بونیادی ژێرخانێکی پتەوی دامەزراوەی لیبرال دیموکراتی پێویستە**



ئایا ئەو مەرجانەی لایەنی کوردستانی بۆ مانەوەی لە چوارچێوەی عێراق پێداگیری لەسەر دەکات چین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین ئەو مەرجانەی پێداگیری لەسەر دەکرێت بریتن لە:

١- ئیعتراف بەوە بکرێت عێراق وڵاتی هاوبەشی دوو نەتەوە سەرەکیەکەیە (کورد و عەرەب) لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکانی دیکە کە لە چوارچێوەی عێراقدا دەژین.

٢- دەبێت سیستمی حکومڕانی لە عێراقدا، سیستمی فیدرالی فرەنەتەوە بێت، لانی کەم هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی لەبەغدا بوونیان هەبێت، ئەگەر هەرێمی دیکەش هاوشێوەی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور لەبەشەکانی عێراقدا دروست بکرێن، ئەوا کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر دروستیش نەکرێت، ئەوا دەبێت هەرێمی کوردستان بەپێی سنووره جوگرافی و مێژووییەکەی هەموو ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە بە خاکی هەرێمی کوردستان دادەنرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کورد و عەرەب لەچوارچێوەی عێراقدا یەکێتی لەنێوانیاندا هەبێت و هەر یەکەشیان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی و مێژوویی خۆیدا ئەو مافەی هەبێت تایبەتمەندی سیاسیی و نەتەوەیی و کەلتووری خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی پەرەپێبدات.

ئەم دوو مەرجە کە لەدەستووری عێراقدا بوونیان هەیە، هەردووکیان لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی عێراقەوە هەڕەشەی لێدەکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا و لەبەر ئەوەی کوردستانییەکان مێژووییەکی تاڵی پاکتاوی ڕەگەزی و ژینۆسایدیان لەدەستی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بینیووە، ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی لە دووبارە بوونەوەی ئەو مێژووە بترسێت و پێداگیری لەسەر ئەو پرانسیپ و خاڵانە بکات کە سیستمە فیدرالیەکە دەپارێزێت و هەروەها ئامادەباشی هەبێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو ئەو هەوڵانە بێتەوە کە عێراق لە دەوڵەتێکی فیدرالیەوە بەرەو دەوڵەتێکی سەنترالی دەگێڕێتەوە. هەربۆیە گرنگە ئەو توخمانەی دەبنە پارێزەری سیستمی فیدرالی زۆر بەجددی هەڵوەستەی

**جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ لای گەلی کوردستان، ڕاشکاوانە واتە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ کە ڕژێمی پێشوو دژی کوردستانییەکانی ئەو ناوچانە بە کورد و تورکمان و کریستیانەوە پیادەی کردووە**

**ئەگەر سەرچاوەی بیرکردنەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ لادان لەدیموکراتی و پەنابردن بۆ ئەسۆریتاریانیزم و تاکڕەوی لەوەوە هاتبێت کە بەم ڕێگایە دەتوانێت عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، ئەوا ئەزموونە جیهانییەکان پێمان دەڵێن ئەم هەنگاوانە لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەت خێراتر دەکەن**

**ئامانجی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە قۆناخی پۆست سەدام و بەعس ئەوەبوو کە سەرکردە تازەکانی عێراق بە شێوەیەکی تازە بیربکەنەوە و ئەو مێژووە ڕەشە بسڕنەوە، بۆ ئەوەی گەلی کوردستانیش وەک گەلی کوییبک خۆی بڕیاربدات لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا بمێنێتەوە**

**ئێمە وەک گەلی کوردستان بەشێک بین لە عێراق یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بین، هەر دەبێت دەسەڵاتەکانمان جیاواز و جیا بێت لەبەغدا**

لەسەر بکەین، لەوانەش:

یەکـــەم: لەدەوڵەتی فیدرالیـــدا پێکەوە ژیان ئارەزوومەندانەیـــە و بـــەزۆرە ملیَ نییە، هەر بۆ نموونـــە لە هەرێمی کویبیـــك لە کەنەدا، چەند ساڵ جارێك راپرسی دەکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی فەرەنسی زمانی هەرێمی کویبیك دەنگبدەن بەوەی ئایا لەگەڵ کەنەدا دەمێننەوە یان دەبنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەم راپرسیەی کە لـــە هەرێمی کویبیك دەکرێـــت، هەرگیز بەو مانایـــە لەلایەن حکومەتـــی کەنەدیەوە لێکنەدراوەتەوە کە فەرەنسی زمانەکانی کویبیك هەڕەشە لەیەکپارچەیی و سەروەریی دەوڵەتی کەنەدا دەکەن، بەڵکو بەوجۆرە تەفســیری بۆ کراوە، کویبیکیـــەکان مافی خۆیانە دەوڵەتی ســـەربەخۆیان هەبێـــت، بـــەڵام بەرژەوەندی هەردوو نەتەوەی فەرەنسی زمان و ئینگلیزی زمانی کەنـــەدا لەوەدایە کە هەردوو نەتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتـــی کەنەدا پێکەوە بژین و پێکەوە بە هاوبەشـــی وڵات بەڕێوەبەرن و هەر نەتەوەیەکیش مافی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی خۆی هەبێـــت، بەداخەوە کورد لە عێراقدا ئەو مافـــەی پێنەدراوە کە ئـــەو وەك نەتەوەیەکی جیاواز بەشـــێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ نەتـــەوەی عەرەب لە چوارچێـــوەی دەوڵەتی عێراقدا پێکـــەوە بژین، ئەوجـــا لەبەر ئەوەی بەزۆر و بەبێ خواســـتی گەلی کوردســـتان ئەم بەشەی کوردســـتان لکێنراوە بەعێراقەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتیش ئەم لکاندنەی کردۆتە فەرز، بۆیە کورد هەســـت دەکات بەزۆرەملیَ لـــە عێراقدا دەژی، ئامانجی ســـەرکردایەتی سیاســـیی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە قۆناخی پۆست ســـەدام و بەعس ئەوەبوو، کە ســـەرکردە تازەکانی عێراق بە شـــێوەیەکی تازە بیربکەنەوە و ئەو مێژووە رەشـــە بسڕنەوە، بـــۆ ئەوەی گەلی کوردســـتانیش وەك گەلی کویبیـــك خۆی بڕیاربـــدات لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لـــە عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو نەك بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵنەگیـــراوە، بەڵکو هەمان ســـیناریۆکانی دەوڵەتانی پێشـــووی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و یۆگســـلافیای پێشـــوو دووبارە دەکەنەوە،

**بڕیاری چارەنووس ئەگەر لە بەشێکیدا بڕیاری سەربەخۆیی بێت بۆ نەتەوەیەک، لەبەشێکی دیکەیدا وەک کوبیکیەکانی کەنەدا بڕیاری چارەنووس مانەوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کەنەدا**

کە ئەوانیـــش بەزۆرەملیَ لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کۆکرابوونەوە، بەڵام ئەوەی لەئەزموونی یوگسلافیا و ســـۆڤیەتی پێشان فێری بووین ئەوەیە، نەتەوەکان مانـــەوە و بوون بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان، لەبەرامبەردا ئەو دەوڵەتانەی بەزۆرەملیَ دروست کرابوون لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سڕانەوە.

دووەم: لادان لـــە پرانســـیپەکانی دیموکراتی و هەنـــگاو هەڵگرتـــن بۆ ئەســـۆریتاریانیزم و تاکـــڕەوی لە حکومڕانیـــدا، بەداخەوە ئەم ئاماژەیە کە ئاماژەیە بۆ فەشەلی فیدرالیزمی فرەنەتەوە، بەراشکاوی لە حکومەتی عێراقدا هەستی پێدەکرێت و شەخسی سەرۆك وەزیران بـــەم ئاراســـتەیە هەنـــگاو هەڵدەگرێت، لەم حاڵەتـــەدا ئەگەر ســـەرچاوەی بیرکردنەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ لادان لەدیموکراتی و پەنابـــردن بۆ ئەســـۆریتاریانیزم و تاکڕەوی لەوە هاتبێت کە بـــەم رێگایە دەتوانێت عێراق بـــە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، ئـــەوا ئەزموونە جیهانییـــەکان پێمـــان دەڵێن ئـــەم هەنگاوانە لێکهەڵوەشـــانەوەی دەوڵـــەت خێراتر دەکەن، هەروەك چۆن بەنگلادیش لە پاکستان جیابۆەوە و سلۆفینیا و کرواتیا لە یوگسلافیای پێشوو جیابوونـــەوە. هەروەها دواتریـــش بەردەوامی سیاسەتمەدارە سربیەکان لەسەر هەمان سیاسەت بووە هۆکاری ئەوەی بۆســـنە و مۆنتینیگرۆ و کۆســـۆڤۆش جیاببنەوە و سربەکان بە تەنیا بمێننەوە.

ســـێهەم: رەفتارکـــردن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەی هاوبەش لەوڵاتدا، لەســـەر بنەمای رەگەزپەرســـتی و بێگانەبـــوون بـــە وڵات و لەچوارچێوەی نەتەوەی زۆرینەی باڵادەســـت و نەتەوەی کەمینەی ژێردەســـت، هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی نەتـــەوەکان نەتوانن پێکەوە لەچوارچێـــوەی وڵاتێکـــدا پێکـــەوە بژیـــن، هـــەر بۆ نموونە باشـــووری ســـۆدان لەگەڵ ئەوەی رێککەوتن هەبوو لەســـەر پێکەوەژیان لەچوارچیـــوەی فیدرالیدا، بەڵام ســـەرەنجام

**لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەتی نێودەوڵەتی رێگەچارەی کۆتایی کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە بە کارێکی مەحاڵ لەقەڵەمدەدات، ئەوا کورد ناچار بووە بەدوای چارەسەری مومکین بگەڕێت**

جیابوونەوە.

چوارەم: دابەشـــکردنی داهات بەشـــێوەیەکی عادیلانە و هاوسەنگی لەپەرەپێدانی ئابووری هەبێت، هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێـــراق بـــەوە رازی بووە داهاتی ســـەرچاوە سروشـــتیەکان بگێڕێتـــەوە بـــۆ حکومەتی فیدرالی و بەشـــێوەیەکی یەکسان و عادیلانە بەسەر ســـەرجەم هاووڵاتیانی عێراقدا دابەش بکرێـــت، بـــەڵام حکومەتی بەغـــدا بێجگە لـــەوەی ســـاڵانە بیانـــوو بە بەشـــەداهاتی هەرێمی کوردســـتان دەگرێت، بێجگە لەوەی بودجەی پێشـــمەرگە وەك بەشێك لە بودجەی سیســـتمی بەرگری نیشـــتمانی نـــادات، لە هەمانکاتدا، رێژەی دیاریکراو بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان بەزۆر دەزانێت، ئـــەم ناعەدالەتیە هۆکارێکی دیکەیە بۆ فەشەلی فیدرالیزمی فرەنەتەوە و جیابوونەوەی و دابەشکردنی وڵات، نموونەش لەمبارەوە جیابوونەوەی چیك و سلۆفاکیایە.

پێنجەم: درێژەدان بەسیاســـەتی چەســـپاندنی سڕینەوەی ناســـنامەی نەتەوەیی و پێداگرتن لەسەر سیاســـەتی دابڕانی خاك و مانۆرکردن بۆ ترســـاندن و کۆکردنەوەی هێز، هەستێکی ئەو تـــۆ لای نەتـــەوەی بەرامبەر دروســـت دەکات، کـــە پێکەوە ژیان لەگـــەڵ ئەقڵیەتی لـــەو جـــۆرە مەحاڵ بێـــت، هەر بـــۆ نموونە کاتێك ســـەرۆك وەزیرانی عێراق ناوی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردســـتان کە لەدەستووردا بە ناوچە جێناکۆکەکان پێناسەکراوە، دەگۆڕێت بۆ ناوچە تێکـــەڵاوەکان، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم حکومەتە دەقێکی دەســـتووری پێشێل دەکات کە ئەویـــش جێبەجێکردنی مـــادەی ١٤٠ی دەســـتووری عێراقـــە، جێبەجێنەکردنـــی ئەم مادەیەش لای گەلی کوردســـتان، راشکاوانە واتـــە گەڕانەوە بۆ سیاســـەتی بەعەرەبکردن و راگواســـتنی زۆرە ملیَ کە رژێمی پێشوو دژی کوردستانییەکانی ئەو ناوچانە بە کورد







**راستە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی هاوشێوەی کێشەی کورد لە عێراقدا، جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام ئەگەر دەوڵەتەکەش رانەگەیەنرێت دەبێت جۆرێک لە جیابوونەوە هەبێت کە گەلی کوردستان بتوانێت بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات**

و تورکمان و کریستیانەوە پیادەی کردووە، بۆیە ئەم هەنگاوەش مەترسیەکی گەورە لەسەر یەکپارچەیی عێراق دروست دەکات و گەلی کوردستان بەو هەنگاوانە رازی نابێت.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن بوونی هەر یەکەیان ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیستمی فیدرالی لە عێراقدا بەرەو فەشەل هەنگاو هەڵدەگرن، هەروەك لە ئەزموونە جیهانییەکانیشەوە ئاماژەمان پێکرد، بوونی هەریەکێك لەمانە بۆتە هۆکاری لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتێك، بەڵام لە ئێستای عێراقدا کۆمەڵێك هۆکار پێکەوە بوونیان هەیە کە هەر هەموویان هەڕەشە لە ئایندەی سیستمی فیدرالی دەکات، وەك یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە بۆ مانەوەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

ئەوجا لێرەوە و پێش ئەوەی بچینە قۆناخی پۆست فیدرالیزم لە عێراقدا، پرسیار ئەوەیە ئەگەر هەوڵێك بێتە ئاراوە بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، ئایا چۆن دەتوانرێت جارێکی دیکە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فیدرالی هەنگاو هەڵبگرێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئاماژە بەوە دەکەین سیستمی فیدرالی بە مانای فیدرالیزمی فرە نەتەوە پێویستی بەکۆمەڵێك زەمینەسازکردن هەیە کە هەموویان پێکەوە دەبنە مافی ڤیتۆ بۆ نەتەوەی بەرامبەر بۆ ئەوەی بە شێوەی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە بژی و پێکەوە ژیانی زۆرەملێ قبوڵ نەکات، لێرەدا دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١- پێویستە بونیادنانەوەی سیستمی فیدرالی فرەنەتەوە، یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب بێت لە عێراقدا، ئەمەش واتە هەردوو نەتەوە بگەنە قەناعەت کە ئەم یەکێتیە ئارەزوومەندانەیە لەبەرژەوەندی هەردوولایاندایە، نەك فیدرالیزم

پیشنیارێکی سەپێنراوی نەتەوەیەکگرتووەکان یان ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت.

**٢-** بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ئەو هەستەی لا بڕەوێتەوە کە ئـــەو وەك نەتەوەیەکی جیاواز بەزۆرەملی لـــە عێراقدا هێڵراوەتـــەوە، دەبێت شـــێوازی ئەو ڕێککەوتنەی بـــۆ ئەو یەکێتیە ئارەزوومەندایە دەکرێتەوە، گەلی کوردســـتان دەنگی لەســـەر بدات، یان ئـــەو ڕێککەوتنە ریفراندۆمی لەسەر بکرێت.

**٣-** گرنگـــە حکومەتی ئێســـتای عێراق ئەو قەناعەتـــەی لا دروســـتبێتەوە، کە مەرجی ســـەرکەوتنی فیدرالیزمی فرەنەتەوە، بوونی دیموکراتـــی و بونیـــادی ژێرخانێکی پتەوی دامـــەزراوەی لیبـــرال دیموکراتی پێویســـتە، ئەمەش واتە پێویستە لە عێراقدا پێش هەموو شت دەســـتوور جێبەجێ بکرێت و سەروەریی یاسا بپارێزرێت، ئەوجا دەست بکرێت بەزەمینە ســـازی بۆ فەراهەمکردنی هەڵبژاردنی ئازاد و چالاکـــی حزبـــە سیاســـییەکان و ئازادی ڕادەبڕین.

**٤-** دەبێت هەوڵبدرێت پەیوەندی نێوان نەتەوەی عەرەب و کـــورد لەعێراقدا لەســـەر بنەمای ئیعترافکردن بەیەکتری و ڕێزگرتنی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکە بێت.

**٥-** دەبێـــت لەســـەر دابەشـــکردنی داهـــات ڕێککەوتنێك بکرێت کە هەم هەرێمی کوردستان لەســـەری ڕازی بێـــت و هەمیش حکومەتی فیدرالی، بە تایبەتیش لەســـەر یاسای نەوت و گاز کـــە حکومەتـــی بەغـــدا هەوڵدەدات یاســـاکە تەنیـــا بەوجۆرە بێت کـــە خزمەتی بۆچوونە ســـەنتralیەکانی حکومەت دەکات، نەك بەرژەوەنـــدی حکومەتێکی فیدرالی کە پێکهاتە جیاوازەکان هەست بکەن لەو حکومەتە شەریکی ڕاستەقینەن.

**٦-** لەهەمـــووی گرنگتـــر ئەوەیە کە هەندێك ڕێوشـــوێنی دەســـتووریی پراکتیکی بگیرێتە بـــەر کە ڕێگری لە هـــەر هەوڵێکی دیکە لە ئایینده بکات کە بیەوێت سیســـتمی فیدرالی بگێڕێتەوە بۆ سیستمی سەنترالی.

**٧-** پێویســـتە دەســـەڵات لە عێراقدا لەســـەر ئاستی ستوونی و ئاســـۆیی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا دابەش بکرێـــت، دەبێت پێکهاتە جیاوازەکان بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدرالی بەشـــدار بن بە دامەزراوەکانی (سوپا، پۆلیس، ئاسایش، دادوەری) ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە دەوڵەت، دەوڵەتی هاوبەشی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بێت.

**٨-** حکومەتـــی فیدرالـــی نابێـــت بەتەنیـــا گۆڕانـــکاری لە پرۆســـەی دابەشـــکردنی دەسەڵات بکات و ڕێژەی پێکهاتە جیاوازەکان لەنـــاو دامەزراوەکاندا دەســـکاری بکات، لەم حاڵەتەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆر و کەمـــی نەتەوە، ئەوا دەبێت هەر پێکهاتەیەك مافی ڤیتـــۆی بۆ ڕەتکردنەوەی بەشـــێوەی ڕەســـمی و نارەســـمی بۆ ئـــەو ڕەفتارانەی حکومەتی ناوەندی هەبێت.



**سەرکەوتنی پەرەپێدان بونیادی ژێرخانی دیموکراتیە**

### چۆن کێشە نەتەوەییەکان
### لەدوای فەشەلی فیدرالیزم چارەسەر دەکرێن؟

لـــە ١٩٩٢/١٠/٤ واتـــە تەنیـــا نزیکـــەی چوارمانـــگ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە بڕیارێکی مێژووییدا، مۆدیلی فیدرالی وەك بڕیارێك بۆ مانەوەی گەلی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقدا پەســـەندکرد، ئـــەم بڕیارە کە مانای بونیادنانـــی (یەکێتیەکـــی ئارەزوومەندانەی نێوان هەردوو نەتەوەی کـــورد و عەرەب بوو لە عێراقدا) بەدرێژایی ساڵانی **١٩٩٢-٢٠٠٣** لەناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا بەوجۆرە موناقەشـــەی لەســـەر دەکرا، کە فیدرالیزم مانای جیابوونەوە دەگەیەنێت نەك یەکێتی و پێکەوەژیان، بەڵام دوای کێشمەکێشێکی زۆر و گرێدانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەســـەر فیدرالیزم لە زانکۆی سانت گەلن لە سویسرا و بەشداربوونی عێراقیە کورد و عەرەبەکان و هەروەهـــا گرێدانی کۆنگرەیەك لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە سەنتەری ئاشتی بۆ جیهان لە زانکۆی ئەمریکا بەناونیشانی (کورد کلیلی ســـەقامگیری عێراقە)، ئۆپۆزسیۆنی عێراق لەسەر ئەوە ڕازی بوو کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدرالی بێت لە چوارچێوەی عێراقـــدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشـــوو و لەمیانەی نووســـینەوەی یاســـای کاتی بۆ قۆناخی ڕاگواستن و دواتریش لە دەستووری عێراقدا، هەرێمی کوردستان بەسنووری پێش ســـاڵی **٢٠٠٣**ـەوە بـــووە هەرێمێکی ئەمری واقیعی فیدرالی لـــە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقـــدا کە بە پێی بڕگەکانی دەســـتوور و بەشێوەی ڕووکار دەوڵەتێکی فیدرالیە، بەڵام بەشـــێوەی پراکتیکی نەك هـــەر هەنگاو بۆ گەوهەری سیســـتمی فیدرالـــی فرەنەتەوە و فرەهەرێـــم هەڵنەگیـــراوە، بەڵکـــو هەموو هەنـــگاوەکان بـــەو ئاراســـتەیەن کـــە بەرەو

گێڕانەوەی سـەنترالیزم هەنگاو هەڵبگیرێت، ئەمەش یـەك مانای هەیـە ئەویش ئەوەیە ئـەو شـێوازەی لایەنـی کوردسـتانی بۆ چارەسەری کێشـەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی گەلی عێراقـدا دیاریکردووە و پەرلەمانی کوردسـتان بڕیاری لەسـەرداوە، لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت، دوای ١٠ سـاڵ لەرووخانی رژێمی پێشوو، ئێستا جارێکی دیکـە ئاڵۆزییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گەیشـتۆتەوە ئەو ئاستەی کە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بکەوێتە حاڵەتی ئامادەباشـی و لەناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەسـەنگەردا بێت بۆ ئەوەی بەرگری لە خاك و مافە دەسـتوورییەکانی گەلـی کوردسـتان بـکات، خـۆ ئەگەر خوانەخواستە سـوپای حکومەتی مالیکی و حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق درێژەی هەبووە، بەڵام ئەم شـەڕە هەرگیـز نەبۆتە شەڕی کورد و عەرەب.

بۆیـە لەم قۆناخـەدا ئێمـەش وەك کورد و کوردسـتانی، مافی خۆمانە ئەو پرسیارانە دووبارە بکەینەوە کە تۆژەران و سیاسەتمەدارانی جیهان پێوەی سـەرقاڵن و دەپرسـن: (کێشە نەتەوەییەکان چۆن کۆتاییان دێت؟) ئەم کێشانە بە رێگەچارەی ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر دەکرێن، یان دەبێت بـوار بەنەتەوەکان بدرێت جیاببنـەوە و دەوڵەتی سـەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن. سـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ئـارِ ولیام ئایـەرس کە یەکێکـە لەتۆژەرە جیهانییەکان بۆ چارەسـەری کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (جیابوونەوە یان ئیحتواکردن: هەڵسەنگاندنی قۆناخـدا هەنگاوی باش چۆتە پێشـەوە و ئومێدێکی دروستکردووە بۆ ئەوەی بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئاکامی ئەو رێککەوتنانە دوای ماوەیەك مەترسی ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە دووبارە کێشـەکە سـەری هەڵداوەتەوە، هەروەك چۆن لە یوگسـلافیای پێشوو بەجۆرێك کێشەکان سـەریانهەڵدایەوە کە گەیشـتە ئاستی ژینۆسـاید و پاکتاوی رەگـەزی، بۆیە ئەم واقیعـە هەم تۆژەران و هەم سیاسەتسازانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێناوەتە سەر ئەوەی بپرسن:

١- ئایا دەتوانرێت ئەو کێشـانە بە ئاشـتی چارەسەر بکرێن؟

٢- ئەگـەر کرا، ئایا لایەنـە پێکناکۆکەکان دووبارە ناگەڕێنەوە بۆ ناو بازنەی توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە؟



موغامەرە بکات و ئاسایشـی ئەو ناوچانە بخاتە مەترسـیەوە ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان دەستەوەسـتان نابێت و دووبارە بەرگـری و مقاوەمەت دەسـت پێدەکاتەوە، ئەمەش راشـکاوانە ئەوەمان پیشـاندەدا کە کێشەی گەلی کوردستان نەك هەر لەماوەی ١٠ سـاڵی رابردوو چارەسـەرنەکرا، بەڵکو لەبازنەیەکی فراوانتردا هەڕەشـەی شـەڕ و توندوتیژی زیادبووە، وەك سـەرۆك وەزیرانی عێراقیـش ئامانجیەتی دەیەوێت شـەڕەکە بگۆڕێت بۆ شـەڕی نێوان کورد و عەرەب، کە ئەمـە گەورەترین مەترسـیە لەمێژووی شۆڕشـی کوردسـتان و حکومەتـە یـەك لەدوایەکەکانی عێراق، بەوەی وێڕای ئەوەی شەڕ و مقاوەمەت لەنێوان شۆڕشی کوردستان گریمانەکان بۆ کۆتایی هێنان بەکێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، جارێکی دیکە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، چارەسـەرنەکردنی کێشە نەتەوەییەکان بوونەتـەوە دیاردەیـەك لەنـاو سیاسـەتی نێودەوڵەتیدا، سیاسەتسازان و تۆژەران دەپرسن، ئەو کێشـانە چۆن کۆتاییان دێت؟، بێگومان چەندین کێشـە لە جیهاندا بوونیان هەیە وەك کێشـەی فەلەسـتین و کورد و کشمیر، کە سـالانێکی دوور و درێژە بونیان هەیە، ئێستا زۆر لە پسپۆران و سیاسەتسازان لەسەر ئاستی جیهان گەیشـتوونەتە ئـەو قەناعەتەی ئەم کێشانە بە ئاشتی چارەسەرکردنیان زەحمەتە، ئەو هەوڵانەشـی دراون بۆ ئەوەی کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن، راستە لەهەندێك

**رێگەی چارەسەر زۆرن پەنای بۆ بەرین بەڵام کام رێگە کێشەکە چارەسەر دەکات؟**

بـۆ کۆتایی هێنـان بە کێشـەی نەتەوەیی، رێگەچـارە زۆرن کە پەنایـان بۆ براوە، بەڵام پرسیاری سـەرەکی ئەوەیە، ئایا کام رێگە بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو لەوانی دیکە گرنگترە؟ ئایا چۆن لەنێو ئەو رێگەچارەسەرە جیاوازانە ئـەو رێگەچارەیـە دەدۆزینەوە کە کێشەکە کۆتایی پێدێت؟

پرۆفیسـۆر ئایەرس لەوەڵامی ئەم پرسـیارە جەخت دەکاتەوە سەر یەك توخمی سەرەکی لە کێشـە نەتەوەییەکاندا و ئاماژە بەوە دەکات کە (ئاسـتی توندوتیژی لە کێشە نەتەوەییەکاندا تەنیـا یەك رێگەچـارە دەهێڵێتـەوە، ئەویش لێکجیاکردنەوەیە، مافی جیابوونەوەیە بەو




**ئەگەر وەك بەشێك لە عێراقیش بمێنینەوە دەبێت دەسەڵاتمان جیاواز و سەربەخۆبێت**


نەتەوەیەی داوای سەربەخۆیی دەکات بۆ ئەوەی کێشەکە بۆ هەتا هەتا چارەسەر بکرێت.) بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا ئەوەیە کە خودی دەسنیشانکردنی ئەم چارەسەرە کۆتاییە، لەناخیدا لۆژیکێکی سیاسی ترسناکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەڵگرتووە و لەوانەیە ئەوەی بوار دەبێت بۆ نەتەوەیەك کە جیابێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت، بۆ نەتەوەیەکی دیکە ئەو بوارە نەدرێت، بۆیە ئەم ئیشکالیەتە لە دەسنیشانکردنی چارەسەری کۆتاییەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ چارەسەری دیکە، کەئەویش هاتنە ناوەوەی لایەنی سێهەمە وەك نەتەوەیەکگرتووەکان، هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی، ئەمریکا، بەڵام وێڕای هاتنەناوەوە و دەستێوەردانی لایەنی سێهەم بۆ ئەوەی ببنە هاریکار بۆ ئەوەی کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و دەسکاری سنوورەکان نەکرێن، ئەوا لەزۆر حاڵەتدا بۆ نموونە وەك حاڵەتی بۆسنە، کاراکتەرە نێودەوڵەتیەکان شێوازی فیدرالیزمیان بۆ مانەوەی بۆسنە لەچوارچێوەی یوگسلافیا هەڵبژارد، بەڵام ئەم چارەسەرە فەشەلی هێنا و پاشماوەیەکی درێژی خوێناوی، بەناچاری پەنایان بۆ چارەسەری کۆتایی برد کە ئەویش جیابوونەوە بوو.

بۆیە بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی جۆرێك لە سنوورداری بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان دیاری دەکات و دەمانخاتە ئەو چوارچێوەیەی کە(ئاستی توندوتیژی و پاکتاوی رەگەزی گرێبدەینەوە بە شێوازی چارەسەری مومکین و مەحاڵەوە) ئەمەش واتە، راستە ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر نەتەوەیەك بۆ نموونە نەتەوەی کورد کە گەیشتۆتە ئاستی ئەنفال و کیمیاباران کە بەمانای وشە ژینۆساید بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدراوە، هەموو لایەکیش دەزانن کە ئاستی توندوتیژی

**دەبێت حکومەتی بەغدا بێتەوە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی حکومڕانی لە عێراقدا سیستمێکە کە هەردوولایەنی (شەراکەتی حکومڕانی و حکومڕانی سەربەخۆ) لەخۆدەگرێت، یان ئەوەتا دەبێت هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی بدات کە ئەو مافانەی لە دەستووری عێراقدا وەک لانی کەمی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دیاریکراون پارێزگاری پێوەبکات**

گەیشتە پاکتاوی رەگەزی و ژینۆساید، پێکەوە ژیان مەحاڵ دەبێت، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەتی نێودەوڵەتی رێگەچارەی کۆتایی کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە بە کارێکی مەحاڵ لەقەڵەمدەدات، ئەوا کورد ناچار بووە بەدوای چارەسەری مومکین بگەڕێت، چارەسەری مومکینیش وەك هەندێك لە تۆژەران لە حاڵەتی هاوشێوەی کوردستان ئاماژەی پێدەکەن، هاتنەناوەوەی لایەنی سێهەمە بەشێوەیەکی کاریگەر رۆڵی خۆی بگێڕێت بۆئەوەی بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات، هەروەك چۆن ئێستا چاوەڕێ دەکرێت لایەنی سێهەم ئەوجا چ نەتەوە یەکگرتووەکان بێت یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی کاریگەر بێنە ناو کێشەی هەرێم و بەغدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکە چارەسەر بکرێت.

سەبارەت بەم لایەنە کە نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەگەر لایەنی سێهەم بە شێوەیەکی کاریگەر بێتە ناو کێشەکە رۆڵی خۆی دەبێت، بەڵام دەبێت هاتنە ناوەوەی لایەنی سێهەم تەنیا توخم نەبێت، بەڵکو دەبێت (ئاستی ئەو توندوتیژییەی کە پێشتر دژی کورد ئەنجامدراون وەك خاڵێکی گرنگ لەبەرچاوبگیرێت، هەروەها دەبێت لە شێوازی چارەسەرکردن بنەمایەك لەبەرچاوبگیرێت کە مافەکانی گەلی کوردستان زامن بکات، ئەمە بێجگە لەوەی



دەبێت لایەنی سێهەم ئەو لایەنە لەبەر چاوبگرێت کـــە حکومەتـــی ناوەندی باڵانســـی هێز بە ئاســـتێك تێکنەدات کە رای خۆی بسەپێنێت) بۆیە لەم حاڵەتەدا مەبەستی سەرەکی لە هاتنە ناوەوەی لایەنی ســـێهەم دەبێتە وروژاندنەوەی ئەو پرسیارە:(ئایا مەبەست لە کۆتایی هێنانی کێشەکە چیە؟) لەم حاڵەتەدا ئەگەر مەبەست لە چارەسەری کێشـــەکە چارەسەری کۆتایی بێـــت و زامنێك بێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مێـــژووی پاکتـــاوی رەگەزی و ژینۆســـاید دژی گەلـــی کوردســـتان دووبـــارە نەبێتەوە، ئەوا پێویســـتە ئەو راســـتیە لەبەرچاو بگرێت بەوەی لەهەر کێشـــەیەکی نەتەوەییدا، ئاستی توندوتیژی دژی نەتەوەی بندەست گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ژینۆساید و پاکتاوی رەگەزی لە دژی پیادەکرابێت، ئەوا چارەسەر ئەگەر مەحاڵ نەبێت زۆر ئاســـان نییە، ئەگەر بەشێوەیەك لە شـــێوەکان ئەو نەتەوەیە مافی سەربەخۆیی لە خۆبەڕێوەبردن و بڕیاردانی چارەنووســـی پێ نەدرێت، ئەوا کێشەکە هەر بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. ئەوجا لەم حاڵەتەدا کە پێویســـتە گریمانە تیۆرییەکان بگوازینەوە بۆ ئاســـتی پراکتیزەکردن لەسەر ئەرزی واقیع، ئەوا لەسەر ئاســـتی واقیعی بۆ چارەســـەری کێشـــەکان دەبێت هەنگاوەکان واقیعی بن و دەبێت هەوڵی سەرەکی لایەنی ســـێهەم بەو ئامانجە بێت کە هەم لایەنـــی حکومەتی عێراق و هەم لایەنی هەرێمی کوردستان واقیعیانە لەسەر چارەسەری کێشەکان بگەنە قەناعەت، راستە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشـــەی هاوشـــێوەی کێشـــەی کورد لە عێراقدا، جیابوونـــەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام ئەگەر دەوڵەتەکـــەش رانەگەیەنرێت دەبێت جۆرێك لە جیابوونەوە هەبێت کە گەلی کوردستان بتوانێت بڕیاری چارەنوسی خۆی بدات لە چوارچێوەی ئەو واقیعە نێودەوڵەتیەی ئێســـتا بوونی هەیە، ئەمـــەش راشـــکاوانە مانـــای ئەوەیە ئەگەر نەتوانرێـــت دەوڵەت بەرەســـمی رابگەیەنرێت، دەبێت سەربەخۆیی دەســـەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاســـتێك بێت کە توانا و هێزی هەرێمی کوردستان لەو ئاستە بێت کە بتوانێت داکۆکی لەگەلی خـــۆی بکات یان لە کاتی پێویســـتدا پەنا بۆ لایەنی سێهەم و رێوشوێنی دادوەری بەرێت کە گەلەکەی بپارێزێت.

> **یان دەبێت حکومەتی بەغدا لەگەڵ کورد لەسەر مافە دەستوورییەکان شێوازێک لە رێککەوتن بدۆزێتەوە، یان ئەوەتا دەبێت بە هاوشێوەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ مێژووی یوگسلافیا دووبارە بکاتەوە**

هەربۆیە لە کێشەی ئاڵۆزی هاوشێوەی کێشەی هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ بەغدا، ترســـی مێژوویی کورد و ئەو کارەســـاتە مێژووییانەی بەســـەر کورد هاتوون، فاکتەری سەرەکین کە بڕیار لەسەر ئاکامی هەر رێککەوتنێك لەگەڵ بەغـــدا دەدات، بۆ ئەمەش پســـپۆران چەند گریمانەیەك هەڵدەسەنگێنن کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

١- کە رەفتاری دڕندانە گەیشـــتە ئاســـتی ژینۆساید کە لە کوردستان بەدوو شێوە بۆمبی کیمیاباران و پرۆســـەی ئەنفال ئەنجامدراون، ئەوا دەبێت لایەنی سێهەم ئەوجا ئەمریکا بێت یان نەتەوەیەکگرتووەکان یان ناتۆ یان یەکێتی ئەوروپا، باش بزانێت، چارەسەری ئەم کێشەیە جیابوونەوە و سەربەخۆییە، لەیەکێتی ئەوروپا نموونەی لەمجۆرە هەن، راستە دەوڵەتان هەبوون کە دژی یەکتری ژینۆســـایدیان ئەنجامداوە و ئێســـتاش لە ناو فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا ئەندامـــن، بەڵام نابێت ئەو راســـتیەمان لەبەر چاو ون بێت، ئەو نەتەوانە مافی دەوڵەتیان لێ زەوت نەکـــراوە و وەك دەوڵەت بوونە ئەندامی فیدراسیۆنی ئەوروپا نەك نەتەوە، بۆیە لەوانەیە دوای ئەوەی کوردســـتانیش دەبێتە دەوڵەت لە چوارچێوەی فیدراســـیۆنی عێراقدا بێتەوە بە ئەندام و بەشێك بێت لە عێراق، بۆیە قسەی

ئێمە لەسەر جیابوونەوەیە یان راشکاوانەتر جیاکردنەوەیە بۆ ئەوەی کێشەکە کۆتایی بێت.

٢- نزیکەی ١٠٠ ساڵە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا بۆتە مەحاڵ، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئێستا هەوڵنەدراوە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە، مانای ئەوەیە حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق لەسەردەمی پادشایەتیەوە تا ئێستا نەگەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە بڕیاربدەن لەسەر چارەسەری کۆتایی وتووێژ بکەن، نەیانویستووە هەرێمی کوردستان بە سنوورە جوگرافی و مێژووییەکەوە لە عێراقدا دیاری بکەن، ئەمەش وەك جیاکردنەوەیەك بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێت لەناو ئەو پێگە جوگرافی و مێژووییەدا کە خاکی خۆیەتی تایبەتمەندی سیاسی و کەلتوری و زمانی خۆی بپارێزێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بڕیاری چارەنووس ئەگەر لە بەشێکیدا بڕیاری سەربەخۆیی بێت بۆ نەتەوەیەك، لەبەشێکی دیکەیدا وەك کوبیکیەکانی کەنەدا بڕیاری چارەنووس مانەوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی کەنەدەدا.

٣- خاڵێکی دیکە کە زۆر کاریگەرە و حکومەتی ئێستای عێراق مانۆڕی زۆری پێوەدەکات، مەسەلەی تێکدانی باڵانسی هێزە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا، هەروەها دامەزراندنەوەی سوپایە لەسەر بنەمای رەگەزپەرستی و پەراوێزخستنی کورد و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان، ئەمە بێجگە لە گرێدانی چەندین سەفقەی کڕینی چەك و باڵادەستی هێز بەسەر لایەنی بەرامبەردا، ئەم لایەنە ئەگەر لەلایەن لایەنی سێهەمەوە لەبەر چاونەگیرێت و هەوڵنەدرێت رێگە لە سەرۆك وەزیرانی عێراق بگیرێت، ئەوا باڵادەستی هێزی سەربازی لە چارەسەری کۆتایی کێشەکە دوورمان دەخاتەوە و حکومەتی ئێستای مالکیش بەهەمان شێوەی حکومەتەکانی پێشتری عێراق سوپا بەکاردەهێنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان و دووبارە گێڕانەوەی عێراق بۆ ناو بازنەی شەڕی ناوخۆ و سەرکوتکردنی گەلی کوردستان. هەربۆیە ئەگەر رێگە لەوە بگیرێت کە حکومەتی مالیکی پەنا بۆ هێز نەبات، کێشەکە ئاسانتر چارەسەر دەکرێت.


٤- کەواتە فاکتەرێکی دیکە کە لەم گریمانانە دێنە ئاراوە، شێوازی چارەسەرە، ئەو رێگایانەی هەردوولا دەیگرنەبەر و ئەو رێگەی لایەنی سێهەم هەردوولا پێك دەگەیەنێت، هەر بۆ نموونە ئێستا لایەنی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کێشەکان بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێن، لایەنی حکومەتی عێراقیش دەڵێت هەنگاوەکانم دەستوورییە، لەم حاڵەتەدا کە هەردوولا داوای دەستوور دەکەن، ئەوا پێویستە لایەنی سێهەم خاوەنی هێزی دیپلۆماتی و هێزی کردەیی بێت لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا بۆ ئەوەی بتوانێت میکانیزمێك بۆ جێبەجێ کردنی دەستوور دیاری بکات، ئەو کەموکورتیانە پڕبکاتەوە کە دامەزراوەکان وەك پێویست ناتوانن دەستوورەکە جێبەجێ بکەن، هەروەها دەبێت ئەو فڕتوفێڵانە ئاشکرا بکرێت کە بۆ جێبەجێ نەکردنی دەستوور ئامادەکراون، بۆ نموونە دادگای فیدرالی و دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا، کە ئێستا بێجگە لە حزبی دەعوا و لیستی سەرۆك وەزیران هیچ کەس متمانەی پێی نییە، لەبەر ئەوەی هەست دەکات دادگای فیدرالی و دەسەڵاتی دادوەری بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو بە سیاسیی کراوە.

## دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دیاریی بەغدا نین هەتا کەم و زیاد بکرێن

ئێمە وەك گەلی کوردستان بەشێك بین لە عێراق یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بین، هەر دەبێت دەسەڵاتەکانمان جیاواز و جیا بێت لەبەغدا، ئەگەر حکومەتی بەغدا حکومەتێکی فیدرالی بێت، جیاوازی نێوان دەسەڵاتی هەرێمەکان لە دەوڵەتێکی فیدرالی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تەنیا ئەوەندەیە لەدەوڵەتی سەربەخۆدا پەیوەندییەکانی دەرەوە و سیاسەتی بەرگریمان تایبەتە بەخۆمان و لەدەوڵەتی فیدرالیدا، لە سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی بەرگری هاوبەشی راستەقینەین، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەو مۆدیلی فیدرالیەی بەپێی دەستووری عێراق وەك سیستمی سیاسی وڵات داڕێژراوە، دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان و دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی سنووردارە، بۆیە لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا دەبێت حکومەتی بەغدا بێتەوە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی حکومڕانی لە عێراقدا سیستمێکە کە هەردوولایەنی (شەراکەتی حکومڕانی و حکومڕانی سەربەخۆ) لەخۆدەگرێت، یان ئەوەتا دەبێت هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی بدات کە ئەو مافانەی لە دەستووری عێراقدا وەك لانی کەمی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دیاریکراون پارێزگاری پێوەبکات و گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش وەك ئەمری واقیع بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

لەوانەیە هەندێك پرسیاری ئەوە بوروژێنن ئایا چۆن دەکرێت هەرێمی کوردستان بەشێك بێت لەعێراق و لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی سەربەخۆشی هەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین بێجگە لەوەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣ ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆیی خۆی هەیە و لەم میانەیەشدا توانیوویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا لە ئێستاشدا کە حکومەتی بەغدا بیەوێت بە مانۆری سەربازی و مانۆری سیاسی مافە دەستوورییەکانی کورد پێشێل بکات، کورد دەتوانێت بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆی بکات، هۆکاری سادە بۆ ئەمەش ئەوەیە کە ئەو مافە دەستووریانە پێشمەرجی رازی بوونی کوردە بۆ مانەوە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا، یان دەبێت حکومەتی بەغدا لەگەڵ کورد لەسەر مافە دەستوورییەکان شێوازێك لە رێککەوتن بدۆزێتەوە، یان ئەوەتا دەبێت بە هاوشێوەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ مێژووی یوگسلافیا دووبارە بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا کە هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن نە سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق بە هاوشێوەی میلۆسۆڤیچ ئەو پێگەی لەناو پێکهاتەی شیعە هەیە وەك ئەوەی میلۆسۆڤیچ لەناو سربەکاندا هەیبوو، نە ئەو هێزەشی لەبەردەستە کە میلۆسۆڤیچ لە یوگسلافیای پێشوو لەبەردەستی بووە، ئەمە بێجگە لەوەی یوگسلافیای ئەوکات لە ژێر فەسڵی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتووەکان نەبوو، بۆیە دەستێوەردان لە یوگسلافیا بە بەراورد بەعێراق قورستربوو، هەروەها تێکچوونی باری یوگسلافیا لەسەر هیچ دەوڵەتێکی رۆژئاوا حساب نەبوو، بەڵام تێکچوونی بارودۆخی عێراق لەسەر ئەمریکا حسابە و بارودۆخی عێراق تێکبچێت گەورەترین زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە دەکەوێت، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکەش چاوەڕێکردنی موغامەرە لە حکومەتی عێراقەوە یاری کردنە بە ئاگرێك کە پێش هەرلایەك خۆی ئەسووتێنیت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت جۆرێك لە رێککەوتن بۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان هەرێم و ناوەند بێتە ئاراوە، پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری کە پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق، پێشبینی بۆ ئەم بارودۆخە کردووە، لە دیراسەتێکیدا بە ناونیشانی (فیدرالیزمی فرە نەتەوە، فیدرەسی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، کورد لە عێراقدا) نووسیوویەتی: (کورد هەمیشە نیگەرانە لەوەی کە بەشەکانی دیکەی عێراق شێوازی وڵاتی هاوبەشی دوونەتەوە و فرەهەرێم قبوڵ نەکەن، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکانی دیکەی عێراق ئەمەیان قبوڵ نەکرد، ئەوا تەنیا رێگە چارە ئەوەیە کورد رێککەوتنی فیدرەسی لەگەڵ بەغدا بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد بەوە

رازی دەبێت عێراق وڵاتێکی وەحدەوی بێت و یان سەنترالی بێت بەشێوازی فیدرالی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام بەمەرجێ کورد فیدرەسی هەبێت، مەبەست لە فیدرەسی ئەوەیە، فیدرەسیش شێوەیەکە لە فیدرالی، بەڵام بەشێك نییە لە دەوڵەتی فیدرالی، بەڵکو هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆیە کە جیاوازە لە دامەزراوە دەستوورییەکان و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ناوەند، بۆیە ئەم هەرێمە دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ ناوەند دابەشدەکات، ئەم دابەشکردنە دەستووری دەبێت و هیچ لایەك بە تەنیا ناتوانێت دەسکاری بکات، زیاد لەمەش میکانیزمێکی دادوەری لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دادەنرێت بۆ ئەوەی کاتێك کێشە لەنێوان ناوەند و هەرێمە فیدرەسیەکە دروست دەبێت دادوەری لەنێوانیاندا بکات، هەر بۆیە دەسەڵاتەکانی هەرێمی فیدرەسی دەسەڵاتێك نییە حکومەتی ناوەندی بەدیاری دابێتیە هەرێمەکە، بەڵکو بەشێوەیەکی دەستووری دیاریکراوە، هەروەها دەسەڵاتی فیدرەسی مافی ڤیتۆی هەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەك لە هاوسەنگی هێزدا بێتە ئاراوە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنی بەهێزەوە دەپارێزرێت، هەربۆیە کاتێك کورد نەتوانێت یان ئەو مافەی نەبێت سیستمی فیدرالی بەسەر بەشەکانی دیکەی عێراقدا فەرز بکات، ئەوا ئەو مافەی هەیە پێداگیری لەسەر ڕێکخستنی شێوازی فیدرەسی بۆ کوردستان بکات، لەم میانەشدا دەتوانێت مافی چارەنووسیش پیادەبکات)).



**ئاڕ ولیام ئایەرس:**


**ئاستی توندوتیژی لە کێشە نەتەوەییەکاندا کە گەیشتە پاکتاوی رەگەزی و ژینۆساید، ئەوا تەنیا یەک رێگەچارە دەهێڵێتەوە، ئەویش سەربەخۆییە، مافی جیابوونەوەیە بەو نەتەوەیەی داوای سەربەخۆیی دەکات بۆ ئەوەی کێشەکە بۆ هەتا هەتا چارەسەر بکرێت**



**براندن ئۆلێری:**

**کاتێک کورد نەتوانێت یان ئەو مافەی نەبێت سیستمی فیدرالی بەسەر بەشەکانی دیکەی عێراقدا فەرز بکات، ئەوا ئەو مافەی هەیە پێداگیری لەسەر رێکخستنی شێوازی فیدرەسی بۆ کوردستان بکات، هەر بۆیە دەسەڵاتەکانی هەرێمی فیدرەسی دەسەڵاتێک نییە حکومەتی ناوەندی بەدیاری دابێتیە هەرێمەکە، بەڵکو بەشێوەیەکی دەستووری دیاریکراوە**





## دکتۆرفالح عەبدولجەبار زانای کۆمەڵناسیی عیراقی:

# حکومەتی مالیکی لەسەر بناخەی مەیلێکی ئایدۆلۆژی دانانان بە فرەیی کۆمەڵگەی عێراقی ڕەتدەکاتەوە

دکتۆرفالح عەبدولجەبار زانایەکی کۆمەڵناسیی عیراقییەو پسپۆڕە لە دیراسەو توێژینەوەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وتارو لێکۆڵینەوەکانی هەموو بوارەکانی ئایین و یاساو ململانێی ئایینی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێتەوەو لە زانکۆی لەندەن وەك وانەبێژو توێژەر کاری کردووە لە ساڵی ١٩٩٤-ەوە بووە بەسەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیریی عیراقی لە کۆلیژی بیرکبیك، لەم دیدارەی (گوڵان)دا وەڵامی چەندین پرسیار دەداتەوە کە پەیوەستن بە رەوشی عیراق و ئاییندەی دیموکراتیی ئەو وڵاتە لە سایەی ستەم و تاکڕەویی سیستمی ئێستای حوکم، هەروەها تیشك دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی لە ناوچەکەدا.

**ئەم مەیل و رەفتارەی ناوەند لەگەڵ شێوازی فیدرالی و پەرلەمانیی حوکمڕانیدا ناکۆکە، پەرلەمان نیمچە خەوتووە، پارێزگاکانیش توانای راگەیاندنی سەربەخۆییان نییە**

**هەموو سەرکردە عەرەبەکان لە خەباتی ژێر زەمینی و نهێنییەوە هاتوون و هیچ شارەزاییەکیان لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکاندا نییەو سەریش لە دیموکراسییەت دەرناکەن**

**بارودۆخی عیراق لە سنوری ئێستایدا دەوەستێت بەبێ گۆڕانکاری، واتا وەکو ئێستا دەمێنێتەوە یان ئاڵۆزتر دەبێت، لەهەردوو حاڵەتدا رەوشەکە لە رەگوڕیشەوە ناگۆڕێت**

*** خوێندنەوەت بۆ بارودۆخی سیاسیی عیراق چییە لە سایەی ئەو قەیران و ململانێیانەی لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا دووبارە دەبێتەوە؟**

- ئەمە سالّی توندوتیژیی حکومەتی ناوەندە کە دەستی پێکردو بە چەندین رووبەڕووبوونەوەی ناوەند کۆتایی هات لە یەردەوام پێشێل کردنی دەستوور، هێزە سیاسییەکانیش دەربەست ئەوە نەهاتن بەرامبەر ئەو زنجیرە رەفتارە توندەی ناوەند بوەستن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە.
ئەم مەیل و رەفتارەی ناوەند لەگەڵ شێوازی فیدرالی و پەرلەمانیی حوکمڕانیدا ناکۆکە، پەرلەمان نیمچە خەوتووە، پارێزگاکانیش توانای راگەیاندنی سەربەخۆییان نییە، کوردستانیش لە رووبەڕووبوونەوەی تەحەدی (بەلایەنی کەم لە مەسەلەی متمانە لێسەندنەوەدا) یەکڕا نییە، بە جۆرێك رێگە بە مالکیێ درا بە ئاسانی بۆی دەرچێت بە پاساوی ئەوەی کە گوایە بۆشاییەکی دەستووری دێتەئاراوە، ئەمە هەڵەی کەسێکی فێڵباز بوو، بەرەی رەخنەگرتن لە مالکی هەڵوەشایەوەو دواتر لەسەر کوردستان شکایەوە، ئەمە وانەیەکە بۆ سەرکردەکانی کورد کە دەبێت لەکاتی قەیراندا پارێزگاریی لە یەکگرتوویی کوردی بکەن و سووربن لەسەر بەتین کردنی پەیوەندیی لە گەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عەرەبیدا، تا ئەو کاتەی بزووتنەوەیەکی دیموکراتی بە ئاراستەیەکی مرۆییانە پێدەگات.

*** ئایا لەو بڕوایەدایت کە ئەو عەقلییەتە حوکمڕانەی عیراق رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات لەبەر رێکنەکەوتن لەسەر ئەو بەرنامەیەی پیادەکراوە؟**

- بناغەی مەیلەکانی ناوەند (ئایدیۆلۆژین) کە داننان بە پلۆرالیزم لە کۆمەڵگەی عیراقی رەت دەکاتەوە، بناغەکەشی کلتوورە، چونکە هەموو سەرکردە عەرەبەکان لە خەباتی ژێر زەمینی و نهێنییەوە هاتوون و هیچ شارەزاییەکیان لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکاندا نییەو سەریش لە دیموکراسییەت دەرناکەن، دواتر مەیلی لەرادەبەدەری ناوەند لە سامان وسوودی نەوتە کە زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێت بۆ بنیادنانی دەزگا ئەمنییەکان و کڕینی وەلای خەڵك، مەبەستم ئەوەیە کە دەوڵەتەکەمان دەوڵەتێکی قازانجهێنی نەوتییە و دەوڵەتێکە لە رووی سیاسییەوە لە هەموو دەوڵەتەکانی جیهان ستەمکارترە.
ئەو مەیل و رەفتارە لەرادەبەدەرەی ناوەند هێشتا زیاد دەکات ئەگەر بێتو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە کاری هاوبەش و ئاشکراو عەقڵانی و بەبەرنامە و بێ تاکڕەوی و رێکەوتننامەی ژێر بەژێر سنوورێکی بۆ دانەنێن.

*** ئەمڕۆ هاووڵاتی لە هەڵوەستێکی ناخۆشدایە، نازانێت چۆن مافی خۆی بەدەست بهێنێت لە سایەی خراپیی خزمەتگوزارییەکان وێرای بوونی بوودجەیەکی زۆرو قەبە؟**

- دەوڵەت لای ئێمە وەکو فرۆشگایەکی نەوت و هەڵسوکەوتکردنە بە داهاتەکەی بە بێ ئەژمار، لەبەر لاوازیی دەزگاکان و هۆشیاریی یاسایی و نەبوونی توانای کاریگەریی کۆمەڵگە، دەوڵەت ئێستا

**عیراق کەوتۆتە ناوەندی ئیقلیمێک کە ستەم و دواکەوتوویی تێدا بەرجەستەیە، بەهاری عەرەبی تا ئێستا چنینەوەی بەرهەمەکەی مایەی گومانە**


دەوڵەتی تالانچییانە لە خراپترین جۆرەکاندا، تاکی هاووڵاتی تەنیا گەردیلەیەکی بچووکە و کاریگەرییەکەشی نایەتەدی تەنیا لە رێی دەزگاکانەوە نەبێت وەکو سەندیکا کارتۆنییەکان و دەزگاکانی دادوەری بەسیاسییکراو تا ئەو رادەیەی کە ناوەڕۆکە یاساییەکانی لێ بەتاڵکراوەتەوە.

*** عیراق بەکوێ دەگات و تا چەند مەترسییەکان بۆ سەر ئایندە لەئارادان سەرباری دەرئەنجامەکانی وڵاتانی دەوروبەر؟**

- بارودۆخی عیراق لە سنوری ئێستایدا دەوەستێت بەبێ گۆڕانکاری، واتا وەکو ئێستا دەمێنێتەوە یان ئاڵۆزتر دەبێت، لەهەردوو حاڵەتدا رەوشەکە لە رەگوڕیشەوە ناگۆڕێت تا ئەو کاتەی شەڕەکانی ئێستای جیهانی عەرەب یەکلایی نەبنەوەو بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن لە ئێراندا لەسەر پێ نەوەستێتەوە.
عیراق کەوتۆتە ناوەندی ئیقلیمێك کە ستەم و دواکەوتوویی تێدا بەرجەستەیە، بەهاری عەرەبی تا ئێستا چنینەوەی بەرهەمەکەی مایەی گومانە، تورکیا چەندین بەڵێن دەدات بە داهاتنی پەرەسەندنێکی دیموکراتی، هەروەها دیموکراتییەت و فیدرالیزم و ناسەنترالی لە عیراق لە منداڵێکی بێ باوك دەکات کە لە خانەی نەوجەوانانداا بێت، بەڵام پابەند بوون بە نارەزایی و رەخنەگرتن رێگە بەعیراق دەدات پارێزگاری لە هەندێ بازنەی ئازادیی بکات لە چوارچێوەی حوکمڕانییەك کە بەردەوام لە جەورو ستەمدایە، تا ئەو کاتەی هەلی ئیقلیمی زیاتر دەڕەخسێت و کۆمەڵگەو بزووتنەوە سیاسییەکان زیاتر بە هۆش خۆیان دێنەوە و شارەزایی لە بیناکردنی کاری سیاسیی رۆژانە پەیدادەکەن و بە ئامانجە ستراتیژییەکانەوە گرێی بدەن، نەك کاری ئێستاو کاردانەوەی خێرا کە هیچ حیسابێك بۆ دواتر نەکرێ.

# میلیتاریزەکردنی عێراقی فیدراڵی
# هەڵەیەکی دیکەی سیاسەتی حوکمڕانی

د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان نووسیویەتی



لەوەتـــەی ســـاڵی ٢٠٠٣ —وە،عیراقی فیدراڵ چەندین رووداوی گەورەی سیاســـی بەخۆیەوە بینیـــوە، وێـــرای دەیـــان بڕیـــاری ئەوتۆ کە بنیـــادی تازەی عیـــراق دادەڕێژێـــت هەروەها ئاراســـتەی حەزو ویستی گەلانی عیراق دەست نیشـــان دەکات لە پابەندبوون بـــە فیدرالیەت و سیستەمێکی دیموکراتی،بەڵام سروشت و شێوەی ئەو بڕیارانەی دەســـەڵاتی گواستنەوەو دواتریش دەســـەڵاتی فیدراڵ لە بەغدا،بە پێی خواست و پێداویســـتییەکانی وڵات نەهاتنە ئاراوە، لەلایەك هەڵوەشـــاندنەوەی هەرەمەکی دامـــەزراوەکان و نەبوونی ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ ئەوەی شوێنیان بگرنەوە،کەلێنێکی ئیداری پەیداکردو ئەوانەیشی کە دانـــران بێجگە لـــە دەســـتدانە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی وڵات، هیچی دیکەیان لێ چاوەڕوان ناکرێت.

ئەوەی زیاتر پەیوەستە بە سیاسەتی بەرگری لە عیراقی فیدراڵدا،بوونی چەندین هەڵەی زەقە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە،بەتایبەتیش گرتنەبەری هەمان سیاسەتی رژێمەکانی پێشوو، ئەویش بریتییە لە بەحزبی کردنی ســـوپاو هێزی سەربازیی،راســـتە بە درێژایی مێژووی عیراق رژێمە یـــەك لەدوای یەکەکانـــی حوکم هەوڵی زۆریـــان داوە کە ئەم دەزگایە بـــە حزبی بکەن و بۆ سەپاندنی دەســـەڵات و هەژموونی خۆیان بەکاری بێنن،بەڵام هەمیشە هێزە نیشتمانییەکانی وڵات داوای بێلایەنیی ئەم سیستەمەیان کردووە تاکو بخرێتـــە چوارچێوە دەســـتوورییەکەی بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان.

بۆیە هەموو لایەك درك بەوەدەکات کە چەندین جار سوپا بۆ قازانجی دەسەڵات خراوەتە شەڕەوەو دژی ویست و خواستەکانی میللەت بەکارهاتووە،تەنانەت لەچەندین شەڕی دۆڕراویشدا دژی پێکهاتەکانی گەل و شۆڕشـــە رزگاریخوازەکانی بەشـــداری پێکراوە،هەروەکو لە دەســـتدرێژی و پەلامارەکاندا بینیمـــان دەرحـــەق بـــە گەلی کوردســـتان لە دەیەکانـــی رابردوودا،دیـــارە ئەمـــڕۆش هەمان ســـیناریۆ دووبارەدەبێتەوە،دەستێوەردانی حزبی لە پێکهاتەکانی ســـوپا لەلایەن ئەو هێزو لایەنانەی دەســـەڵاتیان وەرگرتـــووە ئەویش بـــە گۆڕینی بنیادی سوپاکەو بیروباوەڕی سەربازی و سیاسی شێوێنراو، هاودژە لەگەڵ ئەو سەرکردەو فەرماندە دڵســـۆزانەی خاوەن شارەزایی و توانای پیشەیی و زانســـتیی سەربازین،ئەوەی ئەمڕۆ لە عیراقدا رووەدات بریتییە لە کۆکردنەوەی خەڵك لە ریزی ســـوپایەك کە لە هەموو روویەکەوە کەموکوڕیی هەیە، هاوکات ئامانج تەنیا زیادکردنی ژمارەیەتی و بە هیچ شـــێوەیەکیش بڕوای بـــە کارکردنی پیشـــەیی نییە،بەکارهێنانیشـــی بۆ بەدیهێنانی مەرامی سیاســـی و دژ بـــە پێکهاتەکانی گەل تەنیا ئەو مانایە دەگرێتەوە کە دەســـەڵات بەرەو دکتاتۆریەت و تاکـــڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ ململانێی سیاسی و تایفی بەکاری دێنێت کە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی ئەو دەســـتوورەیە کە گەلانی عیراق دەنگیان بۆ داوە.

شکست هێنانی رژێمی پێشوو نەبۆتە پەندێك بۆ ئەو دەســـەڵاتەی ئەمڕۆ لە عیراق حوکمڕانە و دووبارە بوونەوەی هەمان سیاسەتە لە پێکهاتەی هێزی چەکدارو بەحزبیکردنی سوپایە بەوەی کە

> **چەندین جار سوپا بۆ قازانجی دەسەڵات خراوەتە شەڕەوەو دژی ویست و خواستەکانی میللەت بەکارهاتووە،تەنانەت لەچەندین شەڕی دۆڕراویشدا دژی پێکهاتەکانی گەل و شۆڕشە رزگاریخوازەکانی بەشداری پێکراوە**

فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار بانگەشەی بۆ دەکات گوایە کەموکوڕی و یاخیبوون و نارێکی لە نێو سوپادا هەیە بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی وا رێکبخرێتەوە (لەبەرژەوەندی نیشتمان)دا بێت!ئەو هەڵە زەقانەی لە سیاســـەتی بەرگری و بنیادی ســـوپا بەرچاودەکەون بریتین لە:هێنانی کەسانێك بۆ ریزی سوپا کە بڕوایان بە پیشەیی سەربازی نییە،پەیرەو کردنی گوتاری تایفی لە پرۆســـەی دامەزراندن یان لە فەلســـەفەی ئاراستەکردن و پلان و سیاســـەتی کارکردنی سوپا،ئەمە وێرای بەرزکردنەوەی پلوپایەی کارمەندانی سوپا دوور لـــە مەرجە یاســـاییەکان بۆ نموونـــە بەر چەند ساڵێك کەسێکمان بە پلەی ملازم بینیوە،بەڵام لە ماوەیەکـــی کەمدا پلەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ لیوا یان بەرزتر.سەرباری هێنانی کەسانی تایەفیگەر

بۆ نێو سوپا کە دوورن لەسروشتی پێکهاتەی سوپاو ئامانجەکانی و پیشەییەکەیەوە، هێنانی کەسانێك کە لە حزبدا پلەیان بەرزەو دواتر پێدانی پۆستی بەرزی سەربازی، بۆیە چۆن دەتوانرێت پشت بەو جۆرە سوپایە ببەسترێت، لە هەمان کاتدا دوورخستنەوەی هەواڵگریی سەربازی و بواردان بە دزەکردنی بیانی بۆ ناو کاروباری سوپا، هەروەها مەشق و راهێنانی سوپا بە پێی بەرنامەو ئەجندای بیانی بە تایبەتیش کە دەبینین هەر بەخششێك یان کۆمەکێك لە هەر لایەکەوەبێت بە پیرییەوەدەچن و بەبێ هیچ مەرجێك یەکسەر گوێڕایەڵی دەبن،ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ ستراتیژییەتێکی مەشق و پیشەیی لە سوپای عیراقدا بەرچاوناکەوێت کە لەگەڵ بیروباوەڕی سەربازیدا یەك بگرێتەوە،مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتاندا هێشتا لە شێوە تەقلیدییەکەیە کە زۆرجار لەگەڵ بەرژەوەندیی نیشتمانیی عیراقیدا یەك ناگرێتەوە پاساویش بۆ ئەوە گوایە بۆچوون و بیرکردنەوەی رژێمی پێشووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام لە رووی سروشتیی پڕچەککردن و قەبارەو پێکهاتەی ئێستای سوپایشەوە،ئەوا هەموو عیراقییەك بە ئاشکرا بەو گەندەڵییە دەزانێت کە حکومەتی ناوەند لە پەنای کڕینی چەك لە وڵاتان دەستی داوەتێ وێڕای ئەو هەموو پاروپوولەی کە لە ژێر ئەو بۆند و گرێبەستەسەربازییانەدا بە هەدەر دەڕوات، تەنانەت پەرلەمانی عیراقیش ئاگای لەم کەین و بەینە نییە وەك ئەو گرێبەستانەی بۆ کڕینی چەك لەگەڵ رووسیاو چیك بەم دواییە مۆری کردن.

حکومەتی عیراق لە هەڵەیەکی دیکەیدا بە جارێ پشتی لە هەندێ چەك و پێداویستییەکان کردووە و لێیان ناپرسێتەوە بۆ نموونە ئەو فڕۆکانەی کە لە ئێستادا لە هەندێ وڵاتدان و هی سەردەمی رژێمی پێشوون کە ئەمانە موڵکی ئەو وڵاتەن،دیارە بێدەنگ بوونیش لەسەر ئەم خاڵە گرنگە مەرامی تایبەتی خۆی لە پشتە،ئەو حکومەتە بە هیچ شێوەیەك خۆی لە هەندێ گرفتی چەکداری ناکاتە خاوەن، ئەو لەو هەموو میلیشیا چەکدارانە

**حکومەتی ناوەند هەوڵ دەدات سوپا بۆ ئەرکێکی دیکە بەکاربهێنێت ئەویش گوایە پشتیوانی کردنە لە هێزی پۆلیسی ناوخۆ،دیارە ئەمەش سەرپێچییە لە پیشەیی بوونی سوپاو ئەو ئەرکە نیشتمانییەی بۆی دەست نیشانکراوە**

ناڕوانێت کە لە وڵاتانی دەوروبەرە چەکیان پێدراوەو مەشق و راهێنان دەکەن بێ ئەوەی لەرووی یاساییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ نموونە سوپای مەهدی،تەنانەت لەم دواییەدا هەوڵی پڕچەککردنی هەندێ عەشیرەتیش دراوە و هەبوونی چەکیش لای هاووڵاتی بە شتێکی رەواو یاسایی لەقەڵەم دراوە،ئێستا حکومەتی ناوەند هەوڵ دەدات سوپا بۆ ئەرکێکی دیکە بەکاربهێنێت ئەویش گوایە پشتیوانی کردنە لە هێزی پۆلیسی ناوخۆ،دیارە ئەمەش سەرپێچییە لە پیشەیی سوپاو ئەو ئەرکە نیشتمانییەی بۆی دەست نیشانکراوە،لە هەڵە هەرە زەقەکان بەکارهێنانی سوپایە لەسەپاندنی ئەجندای لایەنی حزبی و سەرۆکایەتیی حوکم لە بەغدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە،لەلایەك وڵات تووشی دابەشبوون و لێکترازان دەچێت و لەلایەکی دیکەشەوە دەیانەوێت هێزی پێشمەرگە لە بودجەی فیدرالی دەربێنن،ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە پێویستە لایەنی یاسادانان چەندین مەرج و رێنمایی بەسەر

**حکومەتی عیراق لە هەڵەیەکی دیکەیدا بە جارێ پشتی لە هەندێ چەک و پێداویستییەکان کردووە و لێیان ناپرسێتەوە بۆ نموونە ئەو فڕۆکانەی عیراق کە لە ئێستادا لە هەندێ وڵاتدا بارمتەن**

حکومەتی فیدرالی بەغدادا بسەپێنن تاکو پێوەیان پابەند بێت لەو هەنگاوانەی کە دەیگرێتەبەر بۆ بنیادتنانەوەی هێزی چەکدار،دیاریکردنی رۆڵی فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار بە بڕیارێك کە پابەند بێت بە راوێژکردن لەگەڵ سوپاسالار و وەزیری بەرگری و گەورە ئەفسەران لە کاتی جێبەجێکردنی هەر پلانێکی سەربازی نەك بکەوێتە ژێر کاریگەریی سەرکردە سیاسییەکان،هاوکات قەدەغەکردنی کارکردن لە هەر حزبێکدا لەکاتی خزمەتی سەربازیدا و رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی تایفی و حزبی،لە هەمان کاتدا حکومەت رێگە بگرێت لە هاتنی میلیشیاکان بۆ ریزی سوپا بە هەر هۆیەك بێت و بواریش بدرێت بەو کەسانەی کە بە نیازپاکییەوە لە سوپادا خزمەت دەکەن،بەڵام نەك سوپاو پێکهاتەکانی بکرێن بە دەزگاگەلێك بۆ لەباوەش گرتنی نەخوێندەوارو بێکاران چونکە ئەو کاتە رێژەی بێکاریی داپۆشراو دروست دەبێت و زیانی لە قازانجی زیاتر دەبێت.بۆیە چاوخشاندنەوە بە پرۆگرامی مەشق و راهێنانی

**حکومەتی عیراق لە بەکارهێنانی سوپا لە دژی پێکهاتەکانی گەل تەنیا ئەو مانایە دەگرێتەوە کە دەسەڵات بەرەو دکتاتۆریەت و تاکرەوی هەنگاو هەڵدەگرێت و بۆ ململانێی سیاسی و تایفی بەکاری دێنێت کە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی ئەو دەستوورەیە کە گەلانی عیراق دەنگیان بۆ داوە**

سوپا هەنگاوێکی گرنگە،هاوکات بەدواداچوونی پاکێجی پڕچەککردنی سوپا کە بە پێی هەندێ گرێبەستی خەیاڵی لە گەڵ وڵاتاندا لەسەری رێککەوتوون،لەسەر حکومەت پێویستە بەدواداچوونی ورد بکات بۆ ئەو کەسانەی ئێستا لە نێو سوپادان لەرووی رابردوویان و ئێستایان بە مەبەستی سوودلێوەرگرتنیان لە هەمان کاتیشدا دەبێ حکومەت چاو بخشێنێتەوە بە پۆست و پلەوپایەی سەربازیی فەرماندەو بەرپرسە باڵاکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی مووچەکانیان،پێویستە سوپای عیراق بە شێوەیەك ئامادەبکرێت یان بینا بکرێتەوە کە بڕوایەکی تەواوی بە پیشەی سەربازی هەبێت و ئەو ئامانجە ستراتیژییانەی جێبەجێ بکات کە لە پێناویدا دادەمەزرێت،بەڕێوەبردنی ستراتیژییەکانی تایبەت بە سیاسەتی بەرگری پێویستی بە دەزگایەکی بەتوانا هەیە کە بتوانێت لەم رەوشە ئاڵۆزەدا سوپا بە پێی پێوانەو ستایل و مۆدێلی بەرگریی جیهانی بنیاد بنێتەوە.بەڵام ئەگەر هەر لەسەر ئەو رایە سووربین و پێمانوابێت کە هێشتا لە سەرەتای پێکهێنانی سووپادایین ئەوا بە هەڵەدا دەچین چونکە نابێت لەبەر خاتری لایەنێك کە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە لایەنەکانی دیکە پشتگوێ بخات، گەلی عیراقیش هەوڵ دەدات لە ژیانێکی سەرفرازدا بێت، دەبێت ئەوانەی لەسەر کورسی حوکمن چاك بزانن کە هەر یەکێك بە هەڵبژاردن یان سازانی سیاسی بێتەسەر کورسی حوکم تا کۆتایی ژیانی هەربەردەوام نابێت بەڵکو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا میللەت بڕیاری خۆی دەدات و ئەوکەسە هەڵدەبژێرێت کە بڕوای بە دیموکراسییەت و پێشکەوتن و ئاوەدانی و بووژانەوە هەبێت و سوپاش رۆڵی نیشتمانیی و جەماوەریی خۆی ببینێت و جارێکی دیکە بۆ بەگژاکردنی خودی میللەت بەکارنەهێنرێت.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**




حكومة خلق الأزمات
ونهب الثروات







# بەغدا ئەو پایتەختەی لەدابینکردنی خزمەتگوزاری فەرامۆشکراوە

بەغدای ئەمڕۆ مەخلوقێکی ناوازەیەو لەو سەردەمەی خۆی دابڕاوە کە پێشەنگی جوانان و بەردەوام تژە گەشتیاران بوو، ڕۆژانێکیش ئامێزی گەرمی کۆکردنەوەی شاعیران و پەیکەرسازان و پیشەوەرانی خۆرهەڵاتی ناوەند بوو، ئێستا بەغدا لەناو لیستی پیس و پۆخڵترین پایتەختەکانی جیهاندا بە سێیەمین پایتەختی پیس هەژمار کراوە ئەمەش لەهەموو مێژووی عیراقدا بێ وێنەیە، ئەوەی تەنیا ڕۆژێك لەو شارەدا بمێنێتەوە، هێندە قەڵس و بێزار دەبێت، وەك ئەوەی لە بوتڵەغازێکی ژەنگاویدا ئاخنرابێت؛ هەست بە تەنگەنەفەسییەکی خنکێنەر دەکات، لەو ڕاپۆرتەی گۆڤارەکەماندا کە دوو هەفتە لەمەوبەر بە ناوی ((ئەقڵیەتی دیکتاتۆری و دەرکەوتنەوەی دەوڵەتی دڕندە، گێڕانەوەی پرۆسەی دیموکراتییە بۆ خاڵی سفر)) بڵاوبوویەوە، ئاماژەماندا بەوەی کەعیراقییەکان پاش زیاتر لە ٨٠ ساڵی زستانی سیاسیی دیکتاتۆریەت، بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنی عیراق بەهاری ئازادییان دەستی پێکرد، بەڵام حزبێکی سیاسی وەك دەعوا ئاراستەی ئەم بەهارەی پەکخست و پرۆسەی دیموکراتی لێ سڕ کردن، هەروەها ئەم حەزو تاسەی گێڕانەوەی دیکتاتۆریەتە لە لایەن سەرۆك وەزیرانی ئێستای عیراقەوە کە بە ناکارامەیی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتی خستۆتە شپرێوییەوە، کاریکردۆتە سەر پاشەکشێ پێکردنی ئاستی ئاوەدانی و شارستانیەتی شارەکانی ناوەندو باشووری عیراق و گێڕانەوەیان بۆ خاڵی سفری دیکتاتۆریەتی بەر لە پرۆسەی ڕزگارکردنی ئەم وڵاتە، بە تایبەتیش شاری بەغدا کە وێڕای ئەو بودجە زەبەلاحەی لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دواییدا لە ئەمانەتەکەیەوە بۆی خەرجدەکرێت، کەچی ئاستی بەرەو پێشچوونەکانی زۆر لاوازن، لەم بارەیەوە کازم شەمەری پەرلەمانتاری لیستی عیراقیە بە گوڵانی ڕاگەیاند ((ئەگەر برۆینە سەر باخچە و شوێنە سەوزەکان ئەوە تاکو ئەمڕۆیش لەبەغدادا یەك ئەڵتەرناتیڤ بۆ پارکی زەورا نابینیت کە توانای هەبێت خێزانە عێراقییەکان لەخۆبگرێت، هەندێ هۆکار دەکەونە ئۆباڵ و ئەستۆی ئەمانەی بەغداو وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، تاکو ئەمڕۆیش کۆنفرانسێك بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام نەدراوە یاخود بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری پێشکەش نەکراوە، بۆنموونە لەسەر ئاستی بزاوی شانۆیی، هەر لەساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئەمڕۆمان کەس نەیوێراوە بیر لە نۆژەنکردنەوەی



شانۆی ڕەشید بکاتەوە کە کاتی خۆی یەکێك بوو لە باشترین شانۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا یەك شانۆ لە بەغدا هەیە کە ئەویش شانۆی نیشتمانی-یە، هەموو بۆنەو ئاهەنگەکانی تێدا ساز دەکرێت، لەسەر ئاستی ژێرخانەکانیش، بەهۆی بارانێکەوە کە تەنیا بۆ یەك ڕۆژ درێژەی کێشا، بەغدا بەتەواوەتی نوقمی ژێر ئاو بوو، ئەی کوانێ تۆڕەکانی ئاوەڕۆ و ئاوەڕۆی قورس؟ ئەو پارانە چییان لێهات کە بۆ ژێرخانەکان خەرجکراون؟ لەسەر ئاستی ئاوی خواردنەوەش، تاکو ئەمڕۆیش چەندین ناوچە هەن کە بەدەستی کەمئاوییەوە دەناڵێنن، لە زۆربەی گەڕەکەکانیدا زبڵ و خاشاك لەسەر شەقامەکانەو زبڵەکان کەڵەکەیان بەسەر یەکترییەوە کردووەو مۆڵخواردون، بڕە پارەیەکی زۆر لە ئەمانەی ئەنجوومەنی وەزیران هەیەو وەزارەتە پێوەندارەکان ئاگادارکراونەتەوە کە هەموو وەزارەتێك هەڵسێت بە جێبەجێکردنی بەشێك لە کارەکان، گەرچی وەزارەتی کارەبا هەڵستاوە بە



ئیحسان عەوادی بۆ گوڵان:

# نەحکومەت خۆی دەتوانێت بەغدا پاکبکاتەوە نە گریبەستیش لەگەڵ کەرتی تایبەت دەکات

دانانی ڕووناکی لە شەقامەکانی بەغدا، گڵۆپ و ڕووناکیی بۆ ڕووناککردنەوەی شەقامەکان داناوە، وەزارەتی کارەبا ئەمەی ئەنجامداوە نەك ئەمانەی بەغدا، پێموایە ئەمانەی بەغدا خۆی دوور ڕاگرتووە لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی و ئەوەیشی تاکو ئەمڕۆ لە بەغدا ئەنجامیداوە تەنانەت ناگاتە ڕێژەی لە ٣٠٪.))

**بۆ پاککردنەوەی بەغدا**
**پلانی ستراتیژی لە ئارادا نییە**

سەبارەت بەوەی دەوترێت ئاوڕ لە دواوە نەدرێتەوە تا بەرەو پێشەوە بچین، گرفتەکە لەوەدایە ئێستا سیستمی خزمەتگوزاریی بەغدا وەك ئاوێکی لێڵ و لیخنی لێهاتووەو ئەگەر بیخەیتە هەر شوێنێکەوە شکڵ و شێوەی ئەو شوێنەش دەشێوێنێت، لەم بارەیەوە (ئیحسان عەوادی) ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی دەوڵەتی قانون بە گوڵانی ڕاگەیاند((مەسەلەی خاوێنکردنەوەی بەغدا تاکو ئەم ساتە نادیارەو پلانی ستراتیژی دیار و ڕوونی نییەو نازانرێت حکومەت لەڕووی خاوێنکردنەوەی زبڵ و خاشاکەوە ئەم مەسەلەیە دەداتە کەرتی تایبەت یان نە، یان هەر لە ڕێگەی حکومەتەوە خاوێنکردنەوە ئەنجامدەرێت، بۆیە ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت پاککردنەوەکە بەباشی بەڕێوە بچێت، بەتایبەتی وەزارەتی شارەوانیی و ئەمانەی بەغدا، بۆیە ئێستا هەموو ئاراستەکان بەوجۆرەن پاککردنەوەی خۆڵ و خاشك بدرێتە کەرتی تایبەت، بەڵام واقیعی ئەمڕۆ ئەوەی سەپاندووە کە ژمارەیەك کۆمپانیای ئاستنزم لە بەغدا کاربکەن، ئاستی ئەدایان باش نییەو پیشەیی نین، لە بەغداو زۆربەی پارێزگاکانی دیکە چەندین ئەزموونی خراپ و ئاست نزممان بینیوە، کەرتی خاوێنکردنەوە کەرتێکی هەستیارەو پێویستی بە کارکردنی بەردەوامە، ئایا حکومەت لەم حاڵەتەدا چی بکات؟ بەرەو ئاڕاستەی کەرتی تایبەت بڕوات و لەهەمان کاتیشدا کاربکات بۆ هاوردەکردنی ئامێرەکانی خاوێنکردنەوە، لەڕاستیدا ئەم ئیزدیواجییەتە بووەتە هۆی لیخن بوونی شارەوانییەکان و لەئاکامیشدا پارەکان بەرەو دوو ئاڕاستەی جیاواز دەڕێژران، تاکو ئەمڕۆیش هیچ ئەنجامێکی ئەووتۆیان لێ نەکەوتەوە، سەبارەت بە ئاوەڕۆش، ئێمە هەموومان لەوە بەئاگاین کە بۆ دروستکردنی سیستمی ئاوەڕۆ پڕۆژە لەئارادایە، لەهەمان کاتیشدا پسپۆران پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پڕۆژەی ئاوەڕۆ سوودی لێ وەرناگیرێت تەنیا پاش کۆتایی هاتنی جێبەجێکردنەکەی پڕۆژەکە نەبێت، سیستەمی ئاوەڕۆ وەکو شەقام و جادە نییە، هێڵەکانی ئاوەڕۆ بریتییە لە یەك تۆڕی سەرتاسەری، هەربۆیە سیستەمی ئاوو ئاوەڕۆ سیستەمێکی گشتگیرەو واپێویستە بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواو بێت ئەوکات هاووڵاتیان دەتوانن لێی سوودمەند بن، بەڵام ئەو ڕاستیە هەیە کە لە بەغدا هیچ کەرتێك نییە کارەکانی ڕێکخرابێت و کێشەکانی بەکۆتاهاتبێت، بۆنموونە کێشەکانی نیشتەجێ و گرفتە پێوەندارەکانی وەکو کێشەی زێدەڕۆییەکان، ئەوانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاوەڕۆو ڕێگەوبانەکان هەیەو تاد. بۆیە ئەوانە هەموویان چەندین کێشەی تێکهەڵکێشراون لەناو یەك سەبەتەدا، بەهەرحاڵ هەبوونی گەندەڵی و نەبوونی پلاندانانی ستراتیژی و دیدی پیشەیی لە کەرتەکاندا هەیە، بەگشتی کارو هەوڵدان هەیە بەڵام هێشتا بەو ئاستە نییە کە بۆی دەخوازرێت..))



**لە زۆربەی گەڕەکەکانی بەغدا زبڵ و خاشاك لەسەر شەقامەکانەو زبڵەکان کەڵەکەیان بەسەر یەکترییەوە کردووەو لە شەقامەکاندا مۆڵخواردون**



**دۆزینەوەی بیانوو**
**بۆ داپۆشینی شکستی خزمەتگوزارییەکان**

ماوەی ١٠ ساڵە بە گشتی هاووڵاتیانی بەغداو شارەکانی تری ناوەندو خواروی عیراق دەناڵێنن بە دەست کێشەکانی کارەباو و ئاوی خواردنەوەو پیسبوونی ژینگەو نەبوونی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پێویستی تری ژیارییەوە لەم بارەیەوە ژمارەو ئامارو داتای زۆر هەن کە پێداویستیەکانی دەستنیشان کردون و پارەی پێویستی زۆریش لە پێش دەست هەیە کەچی پرۆژەکان بەرەو پێشەوە ناڕۆن لەم بارەیەوە(کازم شەمەری) وتی((ڕاستە ناوچە زێدەڕۆییەکان شوێنە کراوەکانی بەغدای داگیرکردووە بۆنموونە مەعەسکەر ڕەشید پڕە لە ناوچەی تەجاوز، بەڵام بەبێ گاڵتەجاڕی بەڕای من چارەسەرەکە ئەمەیە:هەروەك چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە کەرەسەی خاو و پێداویستیی سەرەکی هاوردە دەکەین، بۆئەوەی تەکانێك بە عێراق بدەین بۆ پێشەوە، پێویستە وەزیران و بەرپۆوبەرانی گشتی و بەڕێوبەران و خەڵك لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە هاوردە بکەین لە ژاپۆن و لە وڵاتانی دیکە کە ئەوان هەڵستن بە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ بەغدا، ئەگەر وەزیرێکی ژاپۆنی بێنین و گریمان ئەو پلانەی کە دایڕشتبوو شکستی هێنا ئەوە وەکو وەزیرە عێراقییەکان ناکات کە پارە بدزێت و لە وڵات ڕابکات، بەڵکو خۆی دەکوژێت، زۆربەی وەزیرەکانی عێراق هەم فاشیلن و هەم پارەیش دەدزن و رادەکەنە دەرەوەی عێراق، لەکاتێکدا وەزیرێکی ژاپۆنی دێت و پلانەکانی جێبەجێدەکات، ئەگەر سەرکەوتوو بوو بەردەوام دەبێ لەکارەکانی و ئەگەریش شکستی هێنا ئەوە خۆی دەکوژێت و تەواو.))

**لەسەر ئاستی**
**ئاوی خاوێنی خواردنەوە،**
**تاکو ئەمڕۆیش**
**چەندین ناوچە هەن کە**
**بەدەست گرفتی کەمئاوییەوە**
**دەناڵێنن**

سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانەکان و کاملکردنی خزمەتگوزارییەکان (ئیحسان عەوادی) ڕای وایە کە عیراق پێویستی بە پارەیەکی خەیاڵی وەك ٤٠٠ ملیار دۆلار هەیە، لەو بارەیەوە وتی((تەواوکردنی هەموو کارەکانی خزمەتگوزاریی بەتەواوەتی و بەوئاستەی کە بۆی دەخوازین ئەوە پێویستیی بە ٤٠٠ ملیار دۆلار هەیەو هەڵبەتە ئەو بڕە پارەیش لەماوەی ساڵانی داهاتوودا کۆدەکرێتەوە، لەبەرئەوەی مەحاڵە ئەو بڕە پارەیە لەماوەی یەك یان دوو ساڵ کۆبکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە، بەڵام بەپێی پێوەندییەکانمان و هەروەها بەپێی ئامارەکانمان بۆمان دەرکەوتووە کە پرۆژە گرنگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە سەنتەرەکانی هەموو پارێزگاکان بە بەغداشەوە – باسی سەنتەری پارێزگاکان دەکەم نەك قەزا و ناحییەکان – لەماوەی ٢ تاکو ٣ ساڵی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا جێبەجێکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بێگومان نزیکەی ١٠ ساڵ دەخایەنێت.))

**بێدەنگی خنکێنەر لە ئاست داواکارییەکانی خزمەتگوزارییدا**

سەبارەت بە بێدەنگی هاووڵاتیان و نەجووڵانیان لە بەرانبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و باشبوونی ڕەوشی ناڵەباری ئابووری عیراق وێڕای ئەو بودجە زۆرەی دەوڵەت، (کازم شەمەر)ی دەڵێت : (( بەڕاستی شتێك هەیە کە بەلامەوە سەیرە، کاتێك کە هاووڵاتیان دەردەچن و خۆپیشاندان سازدەکەن و داوای باشبوونی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان دەکەن ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هاووڵاتیان لەدژی کەسایەتییەکی دیاریکراو دەرچوون، هاووڵاتیان گوزارشت لە مافی خۆیان دەکەن و هیچی تر، خۆپیشاندانیش لە مافەکانی هاووڵاتیانە، خۆپیشاندان و پرۆتستۆ و بەرهەڵستکاری مافێکی دەستووریی هاووڵاتییە، هەربۆیە هاووڵاتیان مافیان هەیە خۆپیشاندان بکەن و داواکاری بەرزبکەنەوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، سەیری میسر بکەن، ٦ – ٧ مانگ لەمەوپێش محەمەد مورسی سەرۆکایەتیی کۆماری لەدەستگرت، بەڵام کاتێك کە هەندێك لە هێڵەکە لایدا بینیمان هەموو هاووڵاتیان هەڵستان و تاکو ئەمڕۆیش ناڕەزایی و خۆپیشاندان دەکرێت، ئێمە ناڵێین ناڕەزایی لەدژی سەرۆك وەزیران بکرێت یان لەدژی سەرۆك کۆمار یانیش سەرۆك پەرلەمان بەڵکو داواکارین خۆپیشاندان سازبکرێت لەپێناوی مافە ڕەواکان کە بریتین لە باشترکردنی ڕەوشی ئابووری و ئاراستەکردنی بودجەی دەوڵەت بەرەو خەرجکردنی لەپێناو سوودگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیاندا.



**کازم شەمەری بۆ گوڵان:**

**هەتا ئێستاش لە بەغدا تەنیا پارکی زەورا هەیە و شانۆی ڕەشیدیش کاول بووە**

# مەترسی شەڕێکی نەخوازراو لە عێراقدا



دەیڤید ڕۆمانۆ*

■■■
مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت
■■■

هێزەکانی پێشمەرگەو سوپاکەی سەرۆك وەزیران، نوری ئەل مالیکی بەردەوام ڕووبەڕووی یەکتر وەستاونەتەوە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ەوە ڕووداو لە دوای ڕووداو لە نێوان ئەم هێزانەدا ڕوودەدات، کە لە چەند بۆنەیەکدا زۆری نەمابوو دووچاری شەڕ ببنەوە لەگەڵ یەکتردا، بەڵام توانرا ڕێگری لە ڕوودانی بکرێت. ئەگەر توانرا ڕووبەڕووبوونەوەکەی ئەم دواییە هێوربکرێتەوە، ئەوا ئەکرێت لەوە دڵنیابین کە بە ماوەیەکی کەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم بارگرژیە چارەسەر بکرێن.

هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم گرژییانە پەیوەستن بە ئامادەنەبوونی سەرۆك وەزیران مالیکیەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، ئەمە سەرەڕای بەڵێنی یەك لە دوای یەك بە جێبەجێکردنی. بەڵکو لەبری ئەوە بۆتە پرسێکی دەست لێهەڵنەگیراو لە کاتی گفتوگۆکاندا. هەر ئەمەش هۆکاری دروستکردنی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە بوو لەلایەن مالیکیەوە، کە یەکەیەکی سەربازی تایبەتەو تەنیا فەرمان لە خۆیەوە وەردەگرێت و بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی بانگەشەی خاوەندارێتی کوردەکان بۆ ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم دروستکراوە. بە لۆجیکێکی هاوشێوە، گومان لەوەدانییە مانەوەی پێشمەرگە زۆر گرنگە. چونکە کاتێك مالیکی بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات وەك ئەوەی دەستوور و دابەشکردنی دەسەڵات و پرۆسە دیموکراتیەکە مایەی سەرئێشەن و پێویستە فەرامۆش بکرێن، بە بیری دەهێنێتەوە ئەم کارەی ڕووبەڕووی مەترسی دەکەنەوە. داواکارییەکانی کورد، یان بەڵێنەکانی سەر کاغەز، سەنگ و قورساییەکی کەمیان دەبێت لە عێراقی ئەمڕۆدا کاتێك هێزێکی چەکدار نەبێت پاڵپشتییان لێبکات.

ئەم ڕەوشە سیاسیەی عێراق تێی کەوتووە مایەی دڵتەنگییە. مالیکی ترسی لەوە هەیە تەسلیمبوون بە

داواکاریەکانی کورد ( بە واتایەکی دیکە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە کوردی داون) لە بارەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەوە ببێتەهۆی لەدەستچوونی جەماوەرەکەی لە نێو عەرەبەکاندا. لە چوارچێوەی سیستمی هەڵبژاردنی عێراقدا کە سیستمێکی سیاسی نوێیە، ئەم پشت تێکردنە جەماوەرییە دەبێتەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت(بە پێی زۆربەی مەزەندەکانیش، مومکین نییە بتوانیت بە ڕێژەی ٣٪ زیاتر «دەستکاری» هەڵبژاردنێك بکەیت، بێ ئەوەی ساختەکارییەکە زۆر زەق و ئاشکرا بێت). هەروەها ترسی لەوەیە چوونەپاڵی ئەو ناوچانە- بۆ سەر هەرێمی کوردستان- جیابوونەوەی کوردەکان لە عێراق لە ئەگەر تێدەپەڕێنێت. بەڵام کوردەکانیش سازشیان لەسەر چەندین مەسەلە کردووە-لە ژمارەی کورسیەکانیان لە پەرلەمان و ژمارەی وەزارەتەکانیان لە بەغدا بۆ بابەتەکانی بودجەو تەنانەت مانەوەیان وەك بەشێك لە عێراق-هەموو ئەمانە لەبەرامبەر بەڵێنگەلێك بۆ گرتنەبەری میکانیزمێك بۆ هەموارکردنەوەی سنووری کوردستان بۆ ئەوەی ناوچە کوردەکانی باشوور لە خۆبگرێت (لە بنەڕەتدا مەبەست لە ماددەی ١٤٠ی دەستوورە). هاتنەدەرەوە لە مەسەلەکە بە دەستی بەتاڵ و دوای ئەوەی باجێکی لە ڕادەبەریاندا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بە مانای خۆکوشتنی سیاسی سەرکردە کوردەکان دێت، کە ئەوانیش دەنگدەری خۆیان هەیەو دەبێت حسابی بۆ بکەن. هەموو ئەمانە بوونەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی

**هۆکاری دروستکردنی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە لەلایەن مالیکیەوە، کە یەکەیەکی سەربازی تایبەتەو تەنیا فەرمان لە خۆیەوە وەردەگرێت، ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی بانگەشەی خاوەندارێتی کوردە بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم**

لێواری هەڵدێر، مانۆڕکردن، و هەڕەشە جموجوڵی سەربازی مەترسیدار لە لایەن هەردوولاوە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر کوردو مالیکی خوازیاری هەڵگیرساندنی شەڕ نین لەسەر ئەم پرسە، ئەوا نابێت ئەم مەترسییانەی ئێستا لە ئارادان نادیدە بگرین. بە داخەوە، لە مێژوودا چەندین شەڕ بە ڕێککەوت هەڵگیرسان، لێرەدا من چەند ڕێگایەك باس دەکەم کە دەکرێت ناکۆکیەکی چەکداری بە ڕێککەوت بەرپابێت، ئەویش بە پشتبەستن بە کارە ئەکادیمیەکانی بواری پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان:

یەکەم، ڕێ و شوێنە ستانداردەکانی کارکردن. سوپاکان، ئیتر هێزی پێشمەرگەن یان دیجلە، فەرمان و شێوازی ڕۆتینی خۆیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە جیاوازەکاندا. بە زۆری «ڕێ و شوێنە ستانداردەکانی کارکردن» ڕێکاری توند لە خۆدەگرن بۆ بەرگریکردن دژی هەر هێرشێکی کتوپڕ، بێ ئەوەی پێویست بە پێوەندیکردن بە بارەگای سەرەکیەوە بکرێت بۆ مۆڵەت وەرگرتن. ئەگەر جووڵەیەکی لایەنی بەرامبەر، وەك سووڕانەوەی فڕۆکەیەکی « استطلاعی»، یان ئەرکی گەڕان و پشکنین، یان ئەنجامدانی کردەوەیەك لە دژی لایەنی سێیەم بە ئامانجی پاراستنی ئارامی، کە بە هەڵە لێکبدرێتەوەو بە هێرش دابنرێت، ئەوا دەرئەنجامەکە بریتی دەبێت لە بەرپاکردنی شەڕێکی نەخوازراو.

کاتێك ناعەقڵانیەت بۆ «ڕێ و شوێنە ستانداردەکانی کارکردن» و بە هەڵەتێگەیشتن زیاد دەکرێت، ئەوا دەرفەتەکانی شەڕێکی نەخوازراو زیاتر دەبن. زۆرێك لە توێژینەوەکانی بواری دەروونناسی باس لەوە دەکەن تاکەکەسە بڕیاردەرەکان لە ژێر فشاردا- مەبەست لە بوونی کاتێکی کەم و زانیاری ناتەواوە بۆ دەرکردنی بڕیاری گرنگ- بە زۆری ڕێگاچارەگەلێکی خراپ هەڵدەبژێرن. بەڵام هەڵبژاردنی ڕێگاچارەی خراپ کاریگەری کارەساتباری لێدەکەوێتەوە، کاتێك دەیان هەزار سەربازی چەکدار لە ناوچەیەکی بچووکدا مۆڵدرابێتن.

**کاتێک ناعەقڵانیەت بۆ «ڕێ و شوێنە ستانداردەکانی کارکردن»و بە هەڵەتێگەیشتن زیاد دەکرێت، ئەوا دەرفەتەکانی شەڕێکی نەخوازراو زیاتر دەبن**

لە کۆتاییدا، پرۆسە سایکۆلۆجیەکانی دیکەش ڕۆڵ ببینن. پرۆسەکانی «cognitive mapping» و «cognitive dissonance» کە بریتین لەوەی هەر لایەك وێنەیەك لە هزری خۆیدا دەکێشێت لەبارەی ئەوی دیکەوە کە وێنەیەکی ناواقیعی و نەگۆڕە. لە حاڵەتی بارگرژی نێوان هەولێر و بەغدا، نموونەکە ئەوە دەبێت ئەگەر هەردوولا لایەنی بەرامبەر بەو شێوەیە سەیر بکەن هەمیشە کەسانی لە خشتەبەر و بەدنیازن، بەردەوام ئەو بەڵگانە فەرامۆش بکەن کە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. لە کاتێکدا هەر لایەك بەردەوام لایەنەکەی دیکە لە مرۆڤایەتی دادەماڵێ، ئەوا ڕەنگە برەو بە خەیاڵێك بدەن کە خۆیان پێ باڵاتر بێت لەوی دیکە. لە کاتی باوەڕبوون بە سەرکەوتنێکی سەربازی خێرا (هەروەك قەیسەری ئەڵمانی بە سوپاکەی وت لە ئابی ١٩١٤دا کە «پێش وەرینی گەڵاکان لە درەختەکانەوە ئێوە بۆ ماڵەکانتان دەگەڕێنەوە»)، ئەوا ڕەنگە سەرکردەکانی هەولێر و بەغدا پێیان وابێت ناکۆکی چەکداری ڕێگاچارەیەکی خوازراوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان. هەرچۆنێك بێت، کاتێك زاری ئاسنینی شەڕ هەڵدەدەین، هەمیشە ژمارەکە بە دڵی ئێمە نابێت.

هەموو ئەم مەترسیانەی شەڕێکی نەخوازراو دەبێت هۆکارێك بن بۆ ئەوەی هەموو لایەك نیگەران بن. هەروەها هۆکارێکی باشن بۆ ئەوەی کۆششی زیاتر بکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەوەی ڕیشەی بارگرژییەکە هەڵبکێشرێت.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

# ڕووخانی رژێمی ئەسەد وەرچەرخانێک لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا







## ڤەلی نەسر بۆ گوڵان:

# سوریا وەک دەوڵەت دابەش نابێت، بەڵام پێکهاتەکان لەناوخۆیاندا دابەش دەبن و شەڕێکی ناوخۆ روودەدات هەتا سنوورەکان دەشکێنرێن

لەدوای دەربڕینی هەڵوێستی گۆڕدراوی روسیا لەسەر زاری فلادیمر پۆتینەوە، قسەکردن لەسەر رووخانی رژێمی ئەسەد خەریکە دەگاتە ئەو ئاستەی باس لە دەرهاویشتەکانی رووخانی ئەم رژێمە بکرێت، لەبەر ئەوەی بە رووخانی رژێمی ئەسەد سوریا نابێتە وڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراتی، بەڵکو مەزندەکان بەوجۆرەن کە سوریای دوای ئەسەد بە قۆناخێکی ناسەقامگیری و تەنانەت شەڕناوخۆدا تێپەڕدەبێت، لەمەش گرنگتر چ ئەو لایەنانەی ئێستا پشتگیری لە رژێمەکەی ئەسەد دەکەن و چ ئەوانەشی پشتگیری لە رووخانی ئەم رژێمە دەکەن، لەوانەیە دوای رووخانی رژێمەکە گۆڕانکاری گەورە بەسەر هەڵوێستیاندا بێت، سەبارەت بەو ئەگەر و پێشبینیانەی بۆ دوای رووخانی ئەسەد دەکرێن، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ڤەلی ناسر گەورە توێژەری ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد ئەویش سەبارەت بەو گۆڕانکاریە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (پێموایە رۆیشتنی ئەسەد سەرەتای ململانێیەکی بەرفراوانی دەسەلات دەبێت لە نێوان سوننە و عەلەویەکانی سوریا، واتە نابێتە مایەی کۆتایی هاتنی ناکۆکیەکە، بەڵکو پتر درێژە دەکێشێت. من پێموانیە سوریا وەك دەوڵەت دابەش بێت، بەڵام زیاتر ئەگەری دابەشبوونی نێوان دانیشتوانەکە دەکرێت، هەروەك ئەوەی لە عێراقدا ڕوویدا، هەروەها لە لوبنانیشدا ڕوویدا، کەواتە سەردەمێك لە شەڕی خوێناوی دێتە ئاراوە و خەڵکی لە شارۆچکەکان و گەڕەکە دراوسێکان دەردەکرێن بە ئاڕاستەی جیاوازدا، دەبینیت عەلەویەکان بە ئاڕاستەیەك و سوننەکانیش بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەجوولێن و شەڕەکەش بەردەوام دەبێت تاوەکو هێڵی سنورەکان دەکێشرێن. واتە ڕەنگە وڵاتەکە دابەش نەبێت، بەڵام سنورێکی تائیفی و ئیتنی ئاشکرا دروست دەبێت. سەبارەت بەکاردانەوەی ئەم گۆڕانکاریەش لەسەر ئاستی هەرێمی دەوڵەتانی هاوسێی سوریا، من پێموایە دەوەستێتەسەر ئەوەی کێ دەسەڵات دەگرێتەدەست لە سوریادا، ئەگەر حکومەتی نوێی سوریا سەرچاوەی هەڕەشە بێت بۆ عێراق، واتە ئەگەر حکومەتی نوێی سوریا دەست بە پاڵپشتیکردنی دابەشبوونی عێراق بکات لە ڕێی پشتیوانیکردنی سوننەکانەوە



## ولیام کوانت بۆ گۆڵان:

# پێشبینی ناکەم گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر سوریا ڕوودات، بەڵام مەزندە دەکرێت ئەمریکاو ئێران دانوستاندن بکەن

لە دژی شـیعەکان، ئەوکاتە ئێـران هەوڵدادات حکومەتێکـی پرۆئێرانی لە عێراقدا دروسـت بکات، بەڵکو هەر حکومەتێك لە عێراقدا دەست بەکار بێت هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئێران دەدات، کەواتــە ئەمە ڕێگایەکی یەك سـەرە نییە بۆ گفتوگۆکردن، بەشــار ئەسەد دوژمنی مالیکی بوو، هەروەها پشــتیوانی لەو یاخیبونە کرد کە لە عێراقدا هەبوون، ڕێگەیدا ئەلقاعیدە لە سـوریاوە بچێتە عێراقەوە، بەشــار ئەسـد یارمەتی بەعسـیەکانیدا، بە چەشنی عیززەت ئیبراهیم دوری، کەواتە بۆچی حکومەتی عێراق پشتیوانی بەشار ئەسەد دەکات، ئەمە پەیوەندی بە ڕابــردووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە، چونکە ئەگەر حکومەتێکی سـوننەی سەرســەخت دەســەڵات بگرێتەدەست و ئەگەر ئەلقاعیدە دەســت بەسەر بەشـێکی وڵاتەکەدا بگرێــت، واتە ئەگــەر حکومەتێکی ســوننە بێتەئاراوە لە سوریادا، ئەوا بە ڕادەیەکی گەورە دەست بە دەستێوەردان دەکات لە کاروباری عێراقدا بە شێوەیەك عێراق هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەك دەدات بۆ بەرگری لە خۆکردن. هەروەها تورکیا و سعودیەش بە هەمان ئەندازەی ئێران لە عێراقدا بوونیان هەیە، ئەوان پشتیوانی لایەنەکانی دیکە دەکەن، بەڕێز هاشــمی لە ئەستەنبوڵە، کەواتە بە هەڵە حوکمدانە ئەگــەر بڵێین تەنها تەهران ئــەم کارە دەکات، لەبەر ئــەوەی ئەم وڵاتانە بە ئەنــدازەی یەکســان دەســتێوەردانیان هەیە لە عێراقدا، بەشــێکی زۆری هۆکارەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە عێــراق حکومەتێکی لاوازی هەیە و ئەمەش وا دەکات دراوســێکانی دەستێوەردان بکەن و کاتێکیش ئەم کارە دەکەن ئەوا دەبنەهۆی ئەوەی ئەوانی دیکەش دەستێوەردان بکەن)).

**ڕووخانی ئەسەد دەمانباتەوە**

**بۆ سەردەمی سایکس بیکۆ**

لەگەڵ ئەوەی ڕووخانی ڕژێمی سوریا ماوەیەکی درێژو خوێناوی کێشاو هێشتا دیارنییە ئەم ڕژێمە کەی و چۆن دەڕووخێت، بەڵام وەك پرۆفیســۆر ڤەلی نەسر جەختی لەسەر کردەوە گۆڕانکارییەکان دەبن، بەڵام زیاتر لە پێشــبینەکانی پرۆفیسۆر نەسر، پرۆفیســۆر گاری سیك گەورە تۆژەری سیاســەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کۆلۆمبیــا، لەوەڵامی پرســیارێکی گوڵاندا ئاماژەی بەوەکــرد کە گۆڕانکارییەکانی دوای ڕووخانی ئەسەد بە ئاستێك دەبن کە دەمانباتەوە بۆ ســەردەمی ســایکس بیکــو، ئەمەش واتە سەردەمی پێش کێشانی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە پێش جەنگی دووەمی جیهاندا و لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربــڕی و وتی:((من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەســەد گۆڕانکاری گەورە لەســەر ئاستی ناوچەکە و ســوریاش ڕوودەدەن، لەبەر ئەوەی پرسگەلێکی زۆر ئاڵۆز هەن، پێموایە لەنێو ئەو شتانەی دیکە کە ڕوودەدەن، دووبارە پرســی ســنورە کۆنەکان و گرووپــە ئیتنیەکان دەکرێتەوە، پرســی کورد و کۆبوونــەوەی کوردەکان پێکــەوە لە عێراق و تورکیا وسوریا و هەروەها ئێرانیش، واتە تەواوی ئەم کێشــەیە دووبارە ســەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر سوننەکان لە حکومەتی تازەی سوریا باڵادەست بــن، ئیتر ئەگەر گروپە ڕادیکاڵیە ســوننەکان بــن یان ئیخوان موســلمین، ئــەوا کاریگەری گەورەی دەبێت لەســەر پەیوەندیەکانی میسر و ئەوانی دیکە، بوونی کاریگەریش لەسەر میسر، کاردانەوەی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوەی میسر وڵاتێکی زۆر گرنگە و ئەوەی لەو وڵاتەدا ڕوودەدات کاریگەری لە هەموو شوێنێك دەبێت، کاریگەری دەبێت لەسەر سوریا، لبنان و ئەردەن و تونس و شــوێنەکانی دیکە، هەروەها ڕوونە کە سعودیە دەستێوەردانێکی زۆری هەیە لە کێشــەی ســوریادا، پاڵنەرەکەشی ترسە لە ئێران، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئێرانەوە هەبێت، ئەوا ئەگەر بڕیار بدەن ئەم کارە بکەن مەترسی ئەوە دەکرێت ئێرانیش دەســتێوەردان لە کاروبــاری ناوخۆیی ســعودیەدا بکات، لەبــەر ئەوە باشــترە ئەوە لەبیری خۆیان ببەنەوە، ڕاســتە ئەمە سەردەمی ناســەقامگیریەکی گەورەیــە، بــەڵام پێموایە هێزگەلێك هەن پارسەنگن بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەن خەڵکــی هەل و مەرجەکە بــەرەو دۆخێکی لەو شــێوەیە بەرن کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، کەواتە من دەڵێم بارودۆخی ســوریا هەموو ئەم کێشانە دەهێنێتەپێشــەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا و ناچارمــان دەکات دووبــارە بیر لەو هۆکارانە بکەینەوە کە لە ڕێککەوتنی ســایکس بیکۆوە هاتوونە ئاراوە)).

**سوریای دوای ئەسەد**

**بۆ ماوەیەکی درێژ ناسەقامگیر دەبێت**

مەزندەکردن بۆ قۆناخێکی خوێناوی ناسەقامگیر لە ســوریای پاش ئەســەد لەوەوە سەرچاوەی نەگرتــووە کــە ڕژێمــی ئەســەد توانیویەتی بەشــێوەیەکی هاوچەرخانــە ســەقامگیری وڵات بپارێزێت، بەڵکو ئاکامی ئەو سیاســەتە سەرکوتکارانەیە ئەو کەمینەیە کە بەزەبری ئاگر و ئاسن سەقامگیری دروستکردووە و بۆتە هۆکاری ئەوەی ڕقێکی پەنگخــوارد و لەنێوان پێکهاتە ســەرەکیەکانی ئەو وڵاتە دروســت بکات، هەر بۆیە کاتێك ئەو سیاسەتە داپلۆسێنەرە دەڕووخێت و کۆتایی پێدێــت، ئەوا هەمــوو پێکهاتەکان



## گاری سیک بۆ گوڵان:

# لەدوای رووخانی ئەسەد گۆڕانکاری گەورە لەسەر ئاستی سوریا و ناوچەکە روودەن و پرسی سنووورە کۆنەکان و کێشەی کورد بەگشتی دێتەوە پێشەوە

بەگیانی رق و تۆڵەسەندنەوە رووبەڕوو دەبنەوە و لەوانەیە چۆن لە عێراقی دوای سەدام شەریکی خوێناوی لەنێوان سوننە و شیعە دروست بوو کە هێشـــتا تەواو نەبووە، بەهەمان شێوە مەزندەش دەکرێت سیناریۆی سوریا خراپتر بێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر و دیپلۆماتی ئەمریکی ولیام کوانت کرد، پرۆفیســـۆر کوانت لەبـــەر ئـــەوەی ماوەیەکی زۆر لەســـەردەمی ئیـــدارەی جیمی کارتـــەر ئەندامی شـــاندی دانوســـتاندنی رێککەوتنی کامپ داڤید بووە و هەروەها تۆژەر و تایبەتمەندە لەســـەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەزانکـــۆی ڤیرجینیا، پێشـــبینی ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کە جیا لەوەی کە ســـوریا بە قۆناخێکی ناســـەقامگیر دەگوزەرێت لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەسەر ئاســـتی ئیقلیمی بەدوای خۆیدا دێنێت و بەمجـــۆرە رای خۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی و وتی:(پێش هەمووشتێك، نازانم ئەو گۆڕانکارییە کەی روودەدات لەبەرئەوەی نزیکەی دوو ســـاڵە شەڕوپێکدانان لە سوریا هەیە و هێشتا دیارنییە چۆن یەکلادەبێتەوە، بەڵام خودی خۆم گریمانەی ئەوە دەکەم کە پاش رووخانی رژێمەکەی ئەسەد، پێش ئەوەی سوریا-یەکی نوێ بێتەکایەوە، ئەوە ســـوریا لە قۆناغەکانی ســـەرەتاییدا دووچاری ناســـەقامگیری دەبێت لەگەڵ ســـەرهەڵدانی گرژیـــی ناوخۆیی، هەڵبەتـــە هەموو وڵاتانی دراوســـێ: لوبنان و تورکیا و عێراق و ناوچەی کوردەکان و ئوردون بە وریاییەوە دەڕوانن لەبارەی ســـوریا-ی نوێ، بەش بە حاڵی خـــۆم ناتوانم بیخەملێنم و نازانم کەیســـەکەی سوریا دەگاتە کوێ، بێگومان ئومێدێك دەکرێ کە ســـوریای نوێ ببێتە وڵاتێکی موعتەدیل و دیموکراسی، بەڵام پێموایـــە ئەو ئومێـــدە زیادەڕۆیی تێدایە و پێشـــبینی دەکەم ســـوریا بۆ ماوەیەکی درێژ ناسەقامگیریی تێدا بکەوێ. هەروەها رووخانی ئەسەد گۆڕانکاری لەســـەر ئاستی ئیقلیمیش دروســـت دەکات، لەبەر ئەوەی دوای رووخانی رژێمەکەی ئەســـەد ئێران ناچار دەبێت هەندێك لە ســـتراتیژییەتە هەرێمییەکانی بگۆڕێت، بە بۆچوونی من – لەوانەیشـــە هەڵە بم، خەریکە ئێـــران دەگاتە ئـــەو قەناعەتەی کـــە خەریکە کەیســـەکەی ســـوریا لە کۆنترۆڵیان دەردەچێت و هەربۆیەیش هەســـت بەوە دەکەن کە پێویستە سیاسەتەکانیان لەبارەی سوریا بگۆڕن، هاوکات پێموایـــە عێراق بایەخێکی زۆری هەیە لەڕووی حیساباتە جیۆستراتیژییەکانی ئێران، بەڵام ئێران کێشـــەیەکی دیکەی هەیە کە پێویســـتیی بە چارەسەر هەیە، ئایا ئێران هەر بە گۆشەگیری دەمێنێتـــەوە دوور لە جیهانی رۆژئاوا و وڵاتانی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکا-یش؟ چونکە ئەمڕۆ دەنگـــۆی ئەوە هەیە لە ئەمریـــکا کە خەریکە لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئێران دێتەکایەوە لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکـــە و گوایە هەندێك چانس لەئـــارادا هەیە لـــەو ڕووەوە و هەڵبەتە ئەوەیش بەرەوپێشـــەوەچوونێکی باشە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو لێکتێگەیشـــتنە روویدا ئەوکات وا پێویست دەبێت لەســـەر ئێران کە رۆڵێکی جیاواز بگێڕێت لەوەی کە ئێستا هەیەتی لە ناوچەکە)).

هاوکات لەگەڵ ئاماژەدانی پرۆفیسۆر کوانت بە گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، ئەو پرسیارەمان لەو دیپلۆماتەی ئەمریکا کرد، بەوەی لە ئیدارەی تازەی ئۆباما کە لەمانگی دادێ دەســـت بەکار دەبێـــت و وەزیری دەرەوە دەگۆڕێت و سیاســـەتی دەرەوەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئایا تاچەند سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانـــکاری تێدەکەوێت؟ پرۆفیســـۆر کوانت بەمجۆرە وەڵامـــی ئەم پرســـیارەی گوڵانی دایەوە: (پێشبینی ناکەم گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاســـەتەکانی دەرەوەمـــان رووبدات، بەڵام هـــاوکات پێشـــبینیی ئەوە دەکـــەم کە هەوڵ بدرێت بۆ دانوســـتاندن لەگـــەڵ ئێران، بەڕای من ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە هەڵوێستەکەی لەڕووی ئەنجام نەدانی دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا و هەروەها پێموایە کە ئیدارەی ئۆباما، نالێم پەیوەندییەکی تایبەت، بەڵکو پەیوەندییەکی ئاستباش لەگەڵ میسر دەپارێزێت لەبەرئەوەی ئەمریکا لەوە تێدەگات کە میسر بە قۆناغێکی نادیـــار تێدەپەڕێت و هەربۆیەیش پێویســـتە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە بکەن، پێموایە ســـەرۆك ئۆباما لە خولـــی دووەمیدا و لەســـەر ئاستی سیاســـەتی دەرەوە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کـــە هەوڵێکی دیکە بدات لەبارەی دانوستانەکانی نێوان فەڵەستینییەکان و ئیســـرائیل، بـــەڵام زەحمەتە لەبـــارەی ئەو مەسەلەیە گەشبین بین لەبەرئەوەی حکومەتی ئیسرائیلی هەڵوێستی زۆر توندی وەرگرتووە و چانسەکانی سەرکەوتن زۆر لاوازە لەو ڕووەوە، زۆر کەس لە کۆشکی سپی پێیانوایە کە ئۆباما هێشتا ئومێدێکی هەر هەیە و لە خولی دووەمیدا هەوڵدانی هەبێ بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنێکی ئاشتی لەنێوان فەڵەســـتینییەکان و ئیسرائیل، پێموایـــە دینامیکییەتی هەرێمی و سیاســـی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا گۆڕانکارییان بەســـەردا هاتووە و لە جاران زیاتر کاریگەریی هەیـــە، هەربۆیەیش بـــەڕای من پێویســـتە سیاسەتی ریالیســـتیك و پراکتیکیمان هەبێت لەبـــارەی بارودۆخـــە ئاڵۆزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.))

# قەیرانی سیاسی و هونەری بەڕێوەبردنی



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەجیاوازیی ئەو کایەو ڕەهەندانەیشەوە کە پێناسەی (قەیران)یان کردووە، هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی قەیران هەر هەڕەشەیەکی خەتەرناکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕواننەکراوە بۆسەر ئامانج و بەرژەوەندییەکانی بەها و باوەڕ و پێگە و ئاییندەی وڵات یان کۆمەڵگا یان ڕێکخراو یاخود تاکەکەس، بەشێوەیەک کە لەمپەر لەبەردەم کردەی وەرگرتنی بڕیارداندا دادەنێت. واتە مەسەلەی بڕیاردان لەمەڕ هەر هەنگاوێک لە ساتەوەختی قەیراندا دەبێتە کارێکی زەحمەت و زۆرجاریش ریسککردن.

قەیران بەجیاوازیی جۆرو کایەکانییەوە چەند تایبەتمەندییەکی جێگیری هەیە کە گرنگترینیان رەوشی دەرکەوتنێتی بە شێوەیەک کە وەک ڕووداوێک یان کردەیەکی کتوپڕو لەناکاو و بە فۆرمێکی توندوتیژ سەرهەڵدەدات و هەمیشە وەک دیارترین و گرنگترین ڕووداوی ساتەوەختەکەی خۆی دەناسرێت، هاوکات جۆرێک لە تێکەڵوپێکەڵی و پێکداچوون لەنێو فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی و ڕەگەزەکانیدا هەیە کە بەئاسانی لێک جیاناکرێنەوە، ئەمەش لەزۆرباردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبنەڕەتدا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر کۆی ڕەگەز و فاکت و کاریگەرییەکانی نییە، مەگەر لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی قەیرانێکدا لەهەمان شوێن و کایەدا. هەر قەیرانێکیش هەمیشە لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە نائارامی و ناهاوسەنگیی دەروونی دێنێتە گۆڕێ کە ڕەنگە لەپاش خۆیشی کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا یان لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکە جێبهێڵێت. زۆرجاریش قەیران دەبێتە ناوەندێکی گونجاو و ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو گرووپانەی کە بە ( خاوەن بەرژەوەندیی ) تایبەت ناودەبرێن، چ ئەوانەی لەبەرەی لایەنگرانی قەیرانەکەن و چ ئەوانەش کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو قەیرانەدا هەڵناکەن، واتە لەهەموو بارێکدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگا لایەنی کەم شێوەیەک لە دووبەرەیی دروست دەبێت کە کەم یان زۆر هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی تێکدەدات، لەهەندێک کاتیشدا پەل بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەهاوێت.

لیستێکی دیاریکراو بەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران لەئارادا نییە، چونکە بە پێی جیاوازی کایەکان و تایبەتمەندییەکانیان و بەپێی سەردەم و شوێنیش، هۆکاری قەیرانەکان فرەجۆر و ڕەهەند دەبن، بەڵام بەگشتی بیرمەند و توێژەرانی ئەم بوارە لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەن کە سەرجەم قەیرانەکان بە جیاوازیی کایەکانیانەوە تیایدا بەشدارن، لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەش هۆکاری مرۆیی وەک تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەڵە لەمەڕ کایەی قەیرانەکە و مەیلی بەسێنترالکردنی ناوەندی بڕیار و دەسەڵات لەگەڵ بەریەککەوتنی بەرژەوەندی و ئامانجی ناکۆک، هۆکاری دووەمیش کە تایبەتە بە کایەی بەڕێوەبردن و بڕیاردانەوە، وەک نەبوونی پلانی دروست لە بەڕێوەبردندا، بڕیاردان بە شێوازێکی ڕەمەکی و پشتبەستن بە ئیجتیهادی شەخسی، نەبوون یان کەمیی زانیاریی دروست، لاوازیی سیستمی بەڕێوەبردن لە گرنگترین هۆیەکانی سەرهەڵدانی قەیرانن.

سروشتی دەرکەوتنی لەناکاوی قەیران زۆرجار ئەو تێگەیشتنەی کردۆتە باو کە قەیران هەمیشە ڕووداوێکی ناچاوەڕوانکراو بێت، ئەگەرچی پێشتریش نەک هەر لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە یان لەلایەن دەسەڵاتیشەوە پێشبینی کرابێت، ئەمەیشە وایکردووە کە توێژەرانی بواری قەیران و ستراتیژ، قۆناغی یەکەمی قەیران بە ( ماوەی شۆک ) ناو دەبەن، بەڵام پێدەچێ ئەم شۆکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا ناوزەندکرابێت، چونکە لەسەر ئاستی نێوەندی دەسەڵات و بڕیاردەر، بەڵگە نەویستە کە کۆنترۆڵکردنی قەیران و شێوازی مامەڵەکردنی ئەو ناوەندە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکەدا بڕیاردەدات کە داخۆ ناوەندی دەسەڵات تووشی شۆک بووە یان نا. بەدوای ئەم قۆناغەدا، قۆناغی (دانپێدانان) دێت، لەم بارەدا ئەگەر پێشتر جۆرێک لە نائامادەگیی هەبووبێت بۆ قبووڵکردن و دانپێدانان بە قەیراندا، ئەوا لەم قۆناغەدا ئەو نائامادەگییە دەڕەوێتەوە و چ لەسەر ئاستی فەرمی و چ نافەرمی، قەیرانەکە وەک خۆی و بەناوی خۆیەوە دەناسرێت، ئەگەرچی پێناسە و تەفسیرکردنەکانی جیاواز بن و بەپێی بەرە دژ بەیەکەکان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. پاشان قۆناغی (ڕاهاتن) دێت کە هاوکات بە (قۆناغی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت)یش ناودەبرێت و سەرەتای کەشفکردن و دیاریکردنی نیشانە و کاریگەرییە خەتەرناکەکانی قەیرانەکەیە، ئەم قۆناغە بە یەکەمین هەنگاو دادەنرێت لە ئاستی (بەڕێوەبردنی قەیران) دا کە دواتر هەنگاوی تری بەدوا دێت وەک لەم باسەدا ئاماژەی پێدەدەین. قۆناغی دوای دانپێدانان، ئەو ماوەیەیە کە بە (خۆکۆکردنەوە) یاخود (گێڕانەوەی وزە و چالاکی) دەناسرێت و پەیوەستە بە دانان و جێبەجێکردنی بەرنامەکاری کورت خایەن و دواتر بەرنامەی درێژخایەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە و زاڵبوون بەسەر هەر کاریگەرییەکی سلبیدا کە لەپاش خۆی جێیهێشتووە.

زۆرجار بەهەڵە زاراوەی (بەڕێوەبردنی قەیران) بەمانای چارەسەرکردنی قەیران بەکار دەبرێت، لەکاتێکدا ئەم زاراوەیە هەرگیز بەو مانا ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتییە خۆی نادات بەدەستەوە، لەڕاستیدا ئەم کردەیە لەبنەڕەتدا نابێ تەنها زادەی ساتەوەختی سەرهەڵدانی قەیرانەکان بێت، واتە دەبێ پێشوەخت میکانیزمەکانی ئەم بەڕێوەبردنە ئامادەکرابن، چونکە بەڕێوەبردنی قەیران بۆخۆی کردەیەکی ئیدارییی بەردەوامە کە کار لەسەر ئەو قەیرانانە دەکات کە ئەگەری

سەرهەڵدانیان هەیە و پێداویستییە مرۆیی و مادییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ ئامادە دەکات، لەگەڵ دیراسەکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی بۆ دەستەبەرکردنی پلان و ڕێکارێکی دروست بەر لەهەر شتێک بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی و پاشان بۆ ئەنجامدانی مامەڵەکردنێکی سەرکەوتووانە ئەگەر سەریهەڵدا، دواتریش بۆ ڕێگریی لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی. کەوابوو (بەڕێوەبردنی قەیران) لەبنەڕەتدا کردەی دەستنیشانکردن و پێناسە و تەفسیرکردن و پێشبینیکردنێکی دروستە لەمەڕ هەر خەتەرێک کە ئەگەری سەرهەڵدانی هەبێت، بەر لەوەی ئەم کردەیە مەبەست لێی کۆنترۆڵکردنی قەیران بێت.

بەم پێیە بۆ بەڕێوەبردنی قەیران بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، چەند پێشمەرجێکی سەرەکی هەیە دەبێ ڕەچاو بکرێن، دەنا سروشتی مامەڵەکردنەکە لەگەڵ قەیراندا دەبێتە سروشتی بەرەنگاربوونەوەیەکی ناعەقڵانی و پڕ لە هەڵچوون و توندوتیژی و لەهەموو بارێکدا ئەو چارەسەر بێت بۆ

**بەڕێوەبردنی قەیران بۆخۆی کردەیەکی ئیداریی بەردەوامە کە کار لەسەر ئەو قەیرانانە دەکات کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە و پێداویستییە مرۆیی و مادییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ ئامادە دەکات**

قەیرانەکە دەستەبەرناکرێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەمە ئەگەر قەیرانی دی بەدوای خۆیدا نەهێنێ و لەسەر یەکدی کەڵەکە نەبن و تەقینەوەیەکی گەورەتر لەهەموویان چاوەڕوانییان نەکات. لە گرنگترینی ئەو پێشمەرجانەش بۆ بەڕێوەبردنی قەیران بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، بەر لەهەر شتێک مەسەلەی پلاندانانە بە شێوەیەکی زانستی و واقیعبینانە، ئێمە بۆ هەر قەیرانێک ئەگەر پلانی گونجاو و دروستمان نەبێت بۆ مامەڵە لەگەڵکردنی، ئەوا قەیرانەکە بەو شێوەیە کۆتایی بەخۆی دێنێ کە خۆی دەیەوێت، نەک بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیخوازین. هەربۆیە هەر بەرکەوتنێک بە قەیران بەبێ پلانی دروستی پێشوەختە، بەرکەوتنێکی نەخوازراو و نامسۆگەردەبێت.جێی ئاماژەبۆکردنە کە لە وڵاتێکی وەک یاباندا لەسەر ئاستی دەزگا و دامەزراوە کارگێڕییەکان، ئەزموونێک پەیڕەودەکرێت کە بە (سیستمی کانپان)ی یابانی ناودەبرێت و سەرلەبەری ئەم ئەزموونە بریتییە لە دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆر بۆ خودی سیستمی کارگێڕییەکان هەتا بەردەوام لە پلاندانان و ئامادەباشیدا بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کۆنترۆڵکردنی هەر قەیرانێک، بۆیە بەپێی سیستمی (کانپان) شتێک نییە ناوی قەیرانی کتوپڕبێت و هەر قەیرانێک سەرهەڵبدات، هەمیشە قەیرانێکی چاوەروانکراوە و پێشتر پلانی مامەڵەکردنی بۆ ئامادەکراوە. پێشمەرجی دووەم هەبوونی سیستمی پەیوەندییەکەی بەهێزی زانیاریی ناوخۆیی و دەرەکییە، واتە سیستمێک کە بایی ئەوەندە داتا و زانیاریی دەستەبەرکردبێت کە لەکاتی سەرهەڵدانی قەیراندا مەسەلەی زانیاریی دروست و ڕاست نەبێتە کێشەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە. پاشان توانای پێشبینیکردن بۆ مسۆگەرکردنی پرۆسەی خۆپاراستن و بەرگریی کە لە جێبەجێکردنی پرۆسەکانی قۆناغی ئاگادارکردنی پێشوەختەدا زۆر گرنگە.

سەرجەم توێژەرانی ئەم بوارە دووجۆری سەرەکییان بۆ شێوازەکانی بەرێوەبردنی قەیران دیاریکردووە کە بە (میتۆدی تەقلیدی) و (میتۆدی ناتەقلیدی) ناودەبرێن. یەکەمیان کە شەش جۆرە، بریتین لە شێوازی ئینکاریکردن و دانپێدانەنان بە قەیرانەکەدا، دووەمیش شاردنەوەی قەیران، پاشان کوژاندنەوەی قەیران کەئەمەیان توندوتیژی تێدا بەکاردەبرێت، چوارەم بێبەهاکردنی قەیران، دواتر کردنەوەی بوارێک بۆ هەناسەدانی قەیرانەکە کە بە شێوازی (نەفەسدانی بورکان) ناودەبرێت و مەبەست لێی ڕێگرتنە لە تەقینەوەی گەورە، دواجۆریشیان بەتاڵکردنەوەی قەیرانە کە لە چەند قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش قۆناغی بەریەککەوتن بە لایەن و هێزەکانی قەیرانەکە، پاشان قۆناغی دانانی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئامانجەکانی قەیرانەکە و مامەڵەکردن جیابەجیا لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی هەر ئامانجێکدا کە بە قۆناغی (بلیارد) ناودەبرێت، لەبەر لێکچوونی ئەم گەمە سیاسییە بە گەمەی بلیارد، دواتر قۆناغی (دانوستان) لەگەڵ هەر بەش و (تۆپێک) لە گەمەکەرانی نێو قەیرانەکە جیابەجیاو دۆزینەوەی ئەو خاڵانەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەو بەشانە تێیدا یەکتر دەبڕن و پێک نایەن، پاشان قۆناغی (دابڕینی هێزەکانی قەیران) ئەمەش دابڕینی ئەو هێزانەیە لە ئامانجەکانی قەیرانەکە و دوورخستنەوەیانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان، بەم شێوەیە ئامانجی گەمەکارانی سەربە قەیرانەکەو ئامانجی خودی قەیرانەکە ناکۆک دەکەونەوە، ئیدی قەیرانەکە لەهەموو مانا و دەلالەتەکانی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە.

جۆری دووەمیش کە بە (ناتەقلیدی) دەناسرێ و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا زیاتر دەگونجێت، لەبنەڕەتدا لەوەدا لەهی یەکەم جیاوازە کە ئەوەی پێشوو مامەڵەکردنە لەگەڵ لایەنەکانی سەر بە قەیرانەکەداو ئەمیان مامەڵەکردنە لەگەڵ خودی قەیرانەکەدا، لەم پرۆسەیەدا ئەوەی ئەنجامدەدرێت بەر لەهەر شتێک دامەزراندنی (گرووپی قەیران)ە بۆ پلاندانان و جێبەجێکردن و دانانی بانکی زانیاری تایبەت بەم کایەیە، پاشان ڕێکارەکان دەگیرێتە بەر بۆ هەر میتۆدێک کە گرنگترینیان میتۆدی (ئابڵوقەدانی قەیران)ە لە سنوورێکی بچووکدا. یان میتۆدی (گەورەکردنی قەیران) کە بۆ قەیرانی نارۆشن و هۆکار شاراوە بەکاردێت. لەگەڵ میتۆدی دانپێدانانی ناتەواو بە ئامانجەکانی قەیراندا هاوشانی بەستنی هاوپەیمانیی تاکتیکیانەی کورتخایەن و دواتر میتۆدی دوورخستنەوەی قەیران لە مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی، پاشانیش هەڵوەشاندن و پارچەپارچەکردنی قەیران کە بۆ قەیرانی زۆر خەتەرناک بەکاردێت، ئەمەش بە خولقاندنی وردە قەیرانی دی لەنێو قەیرانە سەرەکییەکەدا بۆ هەڵمژین و کەمکردنەوەی وزەی قەیرانە سەرەکییەکە، ئەم وردە قەیرانانەش بەشێوەیەک دەبێ بخولقێنرێن وەک ئەوەی بۆخۆیان لە قەیرانە سەرەکییەیە داکەوتبن نەک لەدەرەوەی

**ئێمە بۆ هەر قەیرانێک ئەگەر پلانی گونجاو و دروستمان نەبێت بۆ مامەڵە لەگەڵکردنی، ئەوا قەیرانەکە بەو شێوەیە کۆتایی بەخۆی دێنێ کە خۆی دەیەوێت، نەک بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیخوازین**

ئەوەوە هاتبن. کەزۆرجار ئاکامەکەی وەک جۆرێک لە خۆکوشتنی قەیرانە سەرەکییەکە دەردەکەوێت ئەمەش لە ڕێگەی لێدانیەوە لە شوێنە لاوازەکانیەوە لەلایەن قەیرانە بچووکەکانەوە، پاشان دۆزینەوەی سەرکردەی تر بۆ قەیران و ونکردنی سەرکردە سەرەکی و ناسراوەکانی قەیرانە سەرەکییەکە. لەگەڵ چەندین میتۆدی تر کە سەرجەم تاقیکراونەتەوە و گشتگیرانە بێت یاخود (جزئی) سەرکەوتنیان بەدەتهێناوە.

لەهەموو بارێکدا دەبێ ئەوەمان لە یادبێت کە (بەڕێوەبردنی قەیران) بەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر گرووپ و هێزێکی دیاریکراودا، مامەڵەکردنە لەگەڵ خودی قەیرانەکەدا، بەر لە ئەنجامدانی هەر پرۆەیەکیش دەبێ پلانێکی گونجاو لەئارادا بێت و گرووپێکی تایبەتمەندیش (گرووپی قەیران) بۆ پلاندان و جێبەجێکردن ئامادەکرابن، وێرای بانکی زانیاریی دروست، بەبێ ئەم پێداویستیانە مەسەلەی بەڕێوەبردنی قەیران دەبێتە مەسەلەی گرەوێک کە مسۆگەرکردنی هیچ گەرەنتییەکی نابێت.

# بەشە بودجەی ئەمساڵی کوردستان لەبودجەی عیراق تەنیا بەرێژەی لە(١٠,٤٪)ە

رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ(گوڵان):

## لەدانانی بودجەدا بەغدا قبوڵ ناکات وەکو هەرێمێکی فیدراڵی بەشدار بین

### جگە لەلایەنی بەرگری و ئاسایشی هاووڵاتیان لە بودجەی ٢٠١٣ی کوردستاندا گرنگی بە کەرتی پەروەردە و تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوی خواردنەوە و کارەبا دراوە



**ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دیمانەی گۆڤاری گوڵان دا باس لەدوا وردەکارییەکانی بەشە بودجەی هەرێم و پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٣ ی هەرێمی کوردستان دەکات، کە بودجەی گشـــتی (٢٠١٣) ی عیراق زیاتر لە ١٣٨تریلیۆن و ٤٢٤ملیار دینارە و لەمەش بەشە بودجەی هەرێمی کوردســـتان ١٤تریلیۆن و ٤٠٦ملیارو٧٣٥ملیۆن دینارەو، لەم بودجەیەش پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێم و خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتییان پشـــکی شـــێریان بەردەکەوێت، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری باس لەوە دەکات کە بەغدا قبووڵی نییە لەدانانی بودجە بەشـــداربن لەکاتێکدا بودجەی ئەمســـاڵی کوردستان تەنیا بەرێژەی لە(١٠،٤٪)ە بەردەکەوێت. هەروەها بەڕێزیان وەڵامی چەندین پرسی تری پەیوەنداری بە مووچەی فەرمانبەران و دەرماڵەو بابەتی تر دایەوە؛ کەلێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** هەموو ســـاڵێك لەلایـــەن بەغداوە کاتێك پرۆژە یاســـای بودجە دادەڕێژرێت بەبیانوو پاساوی جیاجیاوە شـــەڕی بەشە بودجەی هەرێم بەرامبەر هەرێمی کوردســـتان دەست پێـــدەکات ؛ ئایا بۆچی حکومەتی ناوەندی قبووڵیان نییە لەدانانی بودجە بەشداربن ؟**

- ئەمســـاڵیش وەکـــو هەموو ســـاڵانی تر لەمەسەلەی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی عیراقی فیدراڵ کێشـــەو گرفتمان لەگەڵ حکومەتـــی بەغدا هەیەو، ســـاڵ لەدوای ســـاڵیش کێشـــەکانمان لەگەڵ حکومەتی ناوەنـــد زیاتـــر دەبێت. کێشـــەکانیش زیاتر سیاسین و دواتر بۆ گرفت و کێشەی دارایی و ئابووری دەگوازرێتـــەوە، لەئامادەکردنی بودجەی ئەمســـاڵدا چەندین جار پرۆژەی بودجەکە لەنێوان وەزارەتـــی دارایی عیراق و ئەنجومەنـــی وەزیرانی عیراق هاتوچۆی پێکراوە. کاتێکیـــش لەکۆتایی دا بودجەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵ بـــوو بەســـەرۆکایەتی جێگری ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و شاندێکی بـــاڵا بەرەو بەغـــدا بەڕێکەوتن، شـــاندەکە بەئەندامێتی هەریەك لە وەزیرانی پلاندانان و دارایی و ئابووری و سامانە سروشتییەکانی لەخۆ گرتبوو منیش یەکێك بووم لەئەندامانی ئەو شاندە، بێگومان مەبەستی ئەم سەردانە بۆ ئەوە بوو تا تێبینی و ســـەرنجی خۆمان لەسەر بودجەکە دەرببڕین.

بەغـــدا قبـــوڵ ناکەن ئێمە وەکـــو هەرێمی کوردســـتان لە دانانی بودجەدا بەشداربین و وەکو پارێزگاکانی بەســـراو ئەنبارو ناسریەو ئەوانـــی دیکـــە حیســـابمان بـــۆ دەکات، مامەڵەمـــان بەو شـــێوەیە لەگەڵ ناکەن کە هەرێمێکی فیدڕاڵین و خاوەنی دەســـەڵاتی تەشریعی و یاسایی و حکومەت و پەرلەمانی خۆمانین.

*** بـــاس لـــەوە دەکرێت ئەمســـاڵ بودجەی عێراق زیادی کردووەو ئەو ڕێژەیەی بودجەی کوردســـتان کە ١٧٪ یە بەراورد بەو زیادبوونە زیادی نەکردووە بگـــرە باس لەوە دەکرێت کە ڕێژەکە بۆ ١٠٪ کەمبۆتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتـــەوە پێوەرێك بـــۆ دانانی بودجەی ســـیادی عێراق نییەو ســـاڵ لەدوای ساڵ نەفەقاتی سیادی روو لەهەڵکشانە، ئایا لەم بارەیەوە بەڕێزتان چی دەڵێن؟**

- بودجەی گشـــتی (٢٠١٣)ی عیراق زیاتر لـــە ( ١٣٨ تریلیـــۆن و ٤٢٤ ملیار دینار)ە و لەمەش بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان (١٤تریلیـــۆن و ٤٠٦ ملیـــارو ٧٣٥ ملیۆن دینار)ە، ئەگەر ســـەیری بودجەی ســـاڵی رابردووی عیراق بکەین و بەراوردی بەمساڵ بکەین دەبینین کە ساڵی پار بودجەی گشتی عیـــراق ( ١١٧ تریلیۆن ) بوو واتا بودجەی ئەمســـاڵ بەراورد بەم ژمارەیە (١٨-٢٠٪) زیادی کـــردووە، لەکاتێکدا بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی رابردوو(١٠،٧٪)بوو کەچی بودجەی ئەمســـاڵی کوردســـتان(١٠,٤٪)ە، ئەمـــەش زیاتر بـــۆ زیادبوونی نەفەقاتی ســـیادی دەگەڕێتەوە، یەکێك لە کێشەکانی دیکەمان لـــە رووی دارایی لە بەغدا ئەوەیە کـــە لەگەڵ ئەوانیش باســـمان کـــردووە کە هیـــچ پێوەرێك بۆ دانانی بودجەی ســـیادی لـــە عیراق پەیڕەو ناکرێـــت، لەلایەکی دیکە ساڵ لەدوای ســـاڵ بڕگەو خانەی دیکە لە نەفەقاتی ســـیادی زیـــاد دەکرێت، بەمەش کە لە بودجەی گشـــتی دەیبڕن کاریگەری زۆری لەسەر دروســـت دەبێت بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠ نەفەقاتی ســـیادی عیراق لە ١٨ ٪ بوو - لەساڵی ٢٠١١ بۆ لە ٢٢٪ زیادیکرد و لەساڵی ٢٠١٢ بودجەی سیادی بوو بە٢٦٪ و بۆ ساڵی ٢٠١٣ بودجەی سیادی زۆر زیادی کردووە و گەیشتۆتە٢٩٪ی بودجەی گشتی عیراق و هەر لەســـەرەتاوەش ئەو نەفەقاتەت لێ دەبڕن لە پاشـــان لەو بودجەی دەمێنێتەوە ١٧٪ی بودجەی هەرێم دیاری دەکەن بەمەش بودجەکەی هەرێم تا رادەیەك هەســـت پێکراو زۆر کـــەم دەبێتەوە و ئەمســـاڵ بودجەکەمان ١٠,٤٪ە .

**لە ساڵی ٢٠١٠ بودجەی سیادی عیراق بەگشتی لە ١٨٪ بوو. لەساڵی ٢٠١١ بۆ لە ٢٢٪ زیادیکردوو لەساڵی ٢٠١٢ بوو بە٢٦٪ و بۆ ساڵی ٢٠١٣ بودجەی سیادی زۆر زیادی کردووەو گەیشتۆتە٢٩٪**

***ئایا بەرامبەر زیادکردنی نەفەقاتی سیادی جگە لەلایەنی کوردســـتانی لایەنەکانی ترو وەزارەتەکانـــی حکومەتـــی عێـــراق رەخنەو گلەییان نییە ؟**

- بێگومـــان چـــۆن ئێمە گلەیـــی و رەخنەو گرفتمان هەیە لەســـەر بودجەکەمان، ئاواش بۆی هەیە وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقیش گلەیی و موعاناتیان لەسەر بودجەکە هەبێت، چونکە هەموو ساڵێك چوار تا پێنج بڕگە

**ساڵ لەدوای ساڵیش کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی ناوەند زیاتر دەبێت. کێشەکانیش زیاتر سیاسین و دواتر بۆ گرفت و کێشەی دارایی و ئابووری دەگۆڕدرێن**



**لەساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی بەرگری عیراق بووە سیادی و لە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ دا پۆلیسی گومرگ و سنوور کرانە سیادی واتە هەر ساڵێك چەند برگەیەك دەخەنە سەر نەفەقاتی سیادی و کاریگەری لەسەر بودجەکە زیاد دەکەن**

لەسەر نەفەقاتی سیادی زیاد دەکەن، بەمەش کاریگەری خراپ لەسەر بودجەکە دروست دەکات و ئەو بودجەی دەمێنێتەوە زۆر کەمی دەبێتەوە، ئەمەش بۆ نەبوونی رێنمایی و دیسپلین دەگەڕێتەوەو کەسیش نییە لێپێچینەوەو بەدواداچوونیان لەسەر ئەنجام بدات، بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە و دانانی دیسپلینێك ئێمە زۆر هەوڵمانداو داوامان لێکردن کە میکانیزمێك هەبێت بۆ ئەو مەبەستە لە کۆتایدا رەزامەندیان لەسەر لیژنەیەك دەربڕی کە دابمەزرێت و حکومەتی هەرێمیش تێیدا بەشدار بێت، بۆ ئەوەی وەسف و رێنمایی بۆ نەفەقاتی سیادی دیاری بکەن. لەلایەکی تر لەساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی بەرگری عیراق بووە سیادی و لە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ دا پۆلیسی گومرگ و سنوور کرانە سیادی واتە هەر ساڵێك چەند برگەیەك دەخەنە سەر نەفەقاتی سیادی و کاریگەری لەسەر بودجەکە زیاد دەکەن، ئەوەی لەلای ئەوان دەیکەنە سیادی بۆی هەیە لە هەرێم سیادی نەبن. لەلایەکی دیکە ئەو وەزارەت و دامودەزگایانەی لە بەغدا سیادین هاوشێوەکەی لە هەرێم نییە، بۆ نموونە چاودێری دارایی و دەستەی مافی مرۆڤ لەلای خۆمان هەیە و دامەزراوە و سیادی نین و ئەوانەش یەکێکی دیکەن لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا لەڕووی بودجەوە.

*** بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بەکوێ گەیشت و ئایا پێت وانییە لەم مەسەلەیە مەرام و مەبەستێکی سیاسی لەپشتەو هەوڵەکان بێ ئەنجام دەبێت؟**

وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی یاسا دەبێت لە بەغدا بەشێك بێت لە سیستەمی بەرگری عێراقی واتە هەموو مووچەو پێداویستی و کەلوپەلەی سەربازیی و تەقەمەنی و پڕ چەك کردنی دەبێت دابین بکرێت، کەچی ٧ ساڵە بەسەر ئەو بڕیارو یاسایەدا تێپەڕ دەبێت کەچی هیچیان نەداوەتە هێزی پێشمەرگە، ئەگەر لەساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣ حیساب بکەین بڕی ئەو پارەیەی پێشمەرگەی کوردستان لە لای بەغدایە نزیکەی ٧تریلیۆن و ١٩٦ملیار دینارە ئەگەر ئەو لە ١٧٪یەمان بدەنێ، هەر لەمبارەوە بەغدا دەڵێن ئەو بودجەی پێشمەرگە داخیلّ و هەژماریشی بکەین سەرئەنجام بە هەرێمی نادەین، واتە بەگشتی شەڕێکی دارایان لەگەڵ هەرێم دەست پێکردووە، هەروەها لەم بودجەیەی کە باس دەکرێت و دەڵێن لە ١٧٪یە هیچ ساڵێك لە ١١ ٪ تێپەڕی نەکردووە، لەم بودجەیەش بە ئیجباری دەبێت خەرجی و موچەو پێداویستی وەزاەرتی پێشمەرگە داخیلّی بودجەی هەرێمی کوردستان بکەین.

**وەزارەتی پێشمەرگە بە پێی یاسا و رێنمایی لە بەغدا بەشێکە لە دامەزراوەی وەزارەتی بەرگری عیراق کەچی ئەوە چەند ساڵە هیچیان لە بودجەی پێشمەرگە بە هەرێمی کوردستان نەداوە**

*** ئەی سەبارەت بەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەسەر چی بنەمایەك دیاری کرا؟**

بەپێی یاسا لە ١٧٪ی بودجەی عیراق لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ هەرێمی کوردستانە، کەچی ئەوان بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەمان لەگەڵ ناکەن و، بەپێی ژمارەی دانیشتوان و بیتاقەی ئازووقە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە داوامان لێیان کردووە تا سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عیراق دەکرێت لە١٧٪ی بودجەکەی پەرەپێدانمان پێ بدەن و ئەوانیش پابەند بەمە نەبوون و نابن، ئێمە پێمانخۆشە سەرژمێری بکرێت و هەرێم رێگرو بەربەست نەبووە لەبەردەمی سەرژمێری گشتیدا. ئەمساڵ بودجەی پێشمەرگەیان داخیلی بودجە کردووە، بەڵام نازانین پارەکە دەدەن یا نایدەن، هاوکات ئێمە ئاگاداری وردەکاری حیساباتی بودجەی عیراقی نین و ئەو بودجەی ساڵی ٢٠١٣ کە کاری لەسەر کراوە کە هێشتا ساڵی ٢٠١٣ نەهاتووە و حیساباتی بودجەکەش تەنیا خەملاندنە و بەرمیلی نەوت بە ٩٠دۆلار خەملێنراوە، کە رەنگە لەسەرووی ١٠٠دۆلار بیفرۆشن . هەروەها کێشەیەکی دیکەش لە بودجەدا هەیە ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا بۆ ئەمساڵ کە ٢٩٪ی نەفەقاتی سیادی دانراوە ئەوە ١٧٪ی هەرێمیشی لەگەڵە و پێمان راگەیاندوون ئەگەر بەتەواوی ئەو نەفەقاتەیان لەسیادی خەرج نەکرد ئەوە دەبێت بەشی ئێمە بگەڕێننەوە و قبوڵیشی ناکەین لەو نەفەقاتە سیادییە هیچ بڕە پارەیەك بۆ وەزارەتێکی دیکە یا دامودەزگایەکی دیکە کە سیادی نەبن بگوازنەوە، لەمبارەیەوە بەڵێنیان پێداوین بەڵام بەفیعلی تا ئێستا ئەو بڕیارەیان جێبەجێ نەکردووە.

*** ئایا نوێنەرانی کورد لەوەزارەتی دارایی بەغدا چی رۆڵێکیان هەیەو حکومەتی هەرێمیان لەو کەموکورییانە ئاگادار کردۆتەوە؟**

- نوێنەرانی ئێمە لە وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغدا باوەڕ ناکەم بەپێی پێویست رۆڵێکیان هەبێت، ئەگەر رۆڵیان هەبووایە ئەوە بەلایەنی کەم رۆڵێکیان دەبوو یا ئاگاداری حکومەتی هەرێمیان لە کەموکوڕییەکانی بودجە دەکردەوە.

**بڕی ئەو پارەیەی پێشمەرگەی کوردستان لە لای بەغدایە نزیکەی ٧تریلیۆن و ١٩٦ملیار دینارە بەپێی ئەو ١٧٪ی کە بۆمان دانراوە**



***ئایا لە پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان تا چی رادەیەك نەفەقاتی تەشـــغیلی کەم کراوەتـــەوەو گرنگی بەچـــی بوارێك زیاتر دەدرێت؟**

- بودجەی هەرێمی کوردستان کە ئاماژەمان پێدا٤,١٠٪یە، بەشـــی ســـەرەکی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەکاتە لە ٩٦٪ لە داهاتی بودجەی هەرێم، ئەوەی کە لە بەغدا دێت و هەندێك داهاتی ناوخۆشمان هەیە کە خەمڵاندوومانە بە ٦٥١ملیار دینارو خراوەتە ســـەر بودجەکـــە و بودجەی ٢٠١٣ هەرێم ( ١٤تریلیۆن و ٤٠٦ملیارو ٧٣٥ملیۆن دینار)ە و (١١تریلیۆن و ٩٥٨ملیۆن دینار) بۆ نەفەقاتی تەشـــغیلییە و بڕی (٥تریلیۆن و ٣٣٣ملیـــارو ٧٩١ملیـــۆن دینار)یش بۆ وەبەرهێنانە، لەسەر ئەو بودجەیەش گفتوگۆی باش لەگـــەڵ وەزارەتەکان ئەنجـــام دراوە و ئەمساڵ لە ئەنجومەنی وەزیران گرنگی باش بـــە بودجە دراوە و لیژنەی تایبەت بۆ بودجە دانراوە تاوەکو بودجەیەکی باش و رێکوپێك و وردەکاری جـــوان و باش ئامادە بکرێت، لەو بودجەیەدا ئەولەویەت بە لایەنی بەرگری و هێمنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دراوە، چونکـــە کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر و باشـــتر بە بەردەوامی هێمنی و ئاسایشی هەرێم و شـــارەکان دەستەبەر دەکرێت، هەر لە بودجەکەی ساڵی ٢٠١٣دا گرنگی بە کەرتی پـــەروەردە بەتایبەتی بینایـــەی قوتابخانەو کەرتی تەندروســـتی و خزمەتگوزارییەکانی رێگاوبان و ئاوی خواردنەوە و کارەبا دراوە.

**بەپێی یاسا ١٧٪ی بودجەی عیراق بۆ ئێمەیە کەچی لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا ١٧٪ی بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نادەن**

راستە بودجەی بەگەڕخستن زیاترە، چونکە لـــە روانگەی ئابووری و ئەزموونی وڵاتانی پێشـــکەوتووەوە دەبێـــت بەپێچەوانـــەوە بێت، بەڵام ئێمە خانەوادەی شەهیدان و پاشماوەی ئەنفـــال و کیمیاباران و . . .تاد هەیە یان لە ئاکامی گواستنەوەی گوندەکان ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی مووچە خۆرن و مووچەی خانەنشـــینیان هەیە یا هەر کارو پڕۆژەیەکی دیکەی خزمەتگوزاری کـــە بۆ هاووڵاتیان دروست دەکرێت وەکو پرۆژەکانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانـــی کارەبا یا نەخۆشـــخانە ئەوە

**ئێمە پابەندین بە جێبەجێکردنی بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە موچەو دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەغدا یەکسان بێت. بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا ئەوەش زێدەڕۆیی و کێشە لەسەر بودجە دروست دەکات**


جگە لە بودجەی دروســـتکردن پێویستی بە دامەزراندنی ستاف و کارمەند و کڕینی ئامێرو پێداویستی گازوائیل و کڕینی غازو چەندین پێویســـتی دیکە هەیە، کە هەموو ئەمانەش دەبنـــە بارگرانی بودجەی بەگەڕخســـتن و ئەو جۆرە کارو پـــڕۆژەو خزمەتگوزاریانەش بەردەوامە و ساڵانەش لە زیادبووندایە بەپێی گەشەکردنی و پەرەپێدانی بوارەکان .

*** ئایا بۆ ساڵی نوێ هیچ گۆڕانکارییەك لەمووچەی فەرمانبـــەران و دەرماڵەکانیان دەکرێت؟**

- موچەی فەرمانبەران لە حکومەتی هەرێم و بەغدا ئێســـتاکە وەکو یەکـــە و بڕیارێکی پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتانیش هەیە کە

**ئەمساڵ لە ئەنجومەنی وەزیران گرنگی باش بە بودجە دراوە و لیژنەی تایبەت بۆ بودجە دانراوە تاوەکو بودجەیەکی باش و رێکوپێك و وردەکاری جوان و باش ئامادە بکرێت**

موچـــەو دەرماڵـــەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەغدا یەکســـان بێـــت، هەر ئەمـــە بووە هۆکاری ســـەرەکی کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ دەکرێت لەسەر ئەوەی ئەو تەعویزاتەی بۆ فەرمانبەران خەرج کراوە لەوە زیاترە کە بۆمـــان تەرخانکردووە، هەروەها لە کاتێکدا توێژێك لـــە توێژەکانی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان کە دەرماڵەیەکیان پێ دەدرێـــت ئەوە بەغدا هیچ بڕە پارەیەکی زیاد بە ئێمە نـــادات تاوەکو بتوانیـــن ئەو بڕیارە جێبەجـــێ بکەین، یا بڕە پارەیەکیش بدات بە پێی پێویســـت و ژمارەی فەرمانبەر و بڕی دەرماڵەکە نییە و لـــەو کاتەدا ئەوە ناتوانین دەرماڵـــەی دوو فەرمانبـــەر بدەیـــن یەکێك نەدەین، بەڵکو دەبێت بۆ هەمووی وەکو یەك خەرج بکرێت لەو کاتەشدا لەوەی هەیە زیاتر خەرج دەکرێت و زێدەڕۆیی لەسەر بودجەکەدا دروست دەبێت، ئێمە پابەندین بە جێبەجێکردنی بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان کە موچـــەو دەرماڵـــەی فەرمانبەرانی هەرێم و بەغدا یەکســـان بێت، بـــەڵام وەکو ئاماژەم پێدا ئەوەش زێدەڕۆیی و کێشە لەسەر بودجە دروســـت دەکات، بۆیە ناتوانیـــن بە هەموو بڕیارو شـــتێکی بەغدا پابەندبین، چونکە لە بەغدا لە وەزارەتەکان بێ بەرنامەیەو ئاستی خزمەتگوزارییان زۆر نزم و خراپە و گرنگیان بەلایەنی هێمنی و ئاســـایش نەداوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەمووی پێچەوانەیە ئەوە هێمنی و ئاســـایش لەو پەڕی باشی دایە و ئاستی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکان باشـــەو جێگای خۆشـــگوزەران و متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمـــە، بۆیە بە تەئکید ئێمە وەکو بەغدا نین و ناتوانین لە موچەو دەرماڵە وەکو ئەوان بین، چونکە لە هەرێمی کوردستان هیچ کارو ئیش و بچوکترین پڕۆژەو چالاکی بەبـــێ بەرنامەو پلان نییـــە کە ئەمەش هەر هەمووی باشترە لە بەغدا .



**فازڵ نەبی بریـــکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی عیراق سەبارەت بەبەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراق لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان ئاماژەی بـەو گرفتانە کرد کە لەلایەن ســەرۆك وەزیرانی عیراق و حوسێن شەهرستانی بۆ بودجەی هەرێمی کوردســـتان دروســـتکران و هاوکات باسی لەمەســـەلەی نەفەقاتی ســیادی و حاکمەشی کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

**فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی عیراق بۆ (گوڵان):**

# هەندێک لە پەرلەمانتارانی عیراق هەوڵیاندا رێژەی ١٧٪ کەمبکرێتەوە

***ئایا دەکرێت دوا ووردەکارییەکانی بەشـــە بودجـــەی هەرێمی کوردســـتان لەبودجەی عیراقمان بۆ باس بکەی؟**

- ئێمـــە لە وەزارەتی دارایی عیراقی فیدرال لـــە ٩/١٥ بوودجەمان تەواو کردوو لە کاتی خۆشیدا دامانە ئەنجومەنی وەزیران، بەداخەوە لـــەوێ گیری خـــواردو هەندێـــك گرفتی هاتەپێش، گرفتەکانیـــش زیاتر بۆ هەرێمی کوردســـتان بـــوو لەلایەن خودی ســـەرۆك وەزیران و حوســـێن شەهرستانی دروستکران، دوای ســـەرهەڵدانی ئەو گرفتانەو لە پێناو چارەســـەرکردنیان شـــاندێك لـــە هەرێمی کوردستان گەیشـــتە بەغدا، بەڵام بەداخەوە هیچیان بۆ شـــاندەکە نەکرد بـــە تایبەتیش کە بودجـــەی پێشـــمەرگەیان داخڵ نەکرد لەگـــەڵ چەند گرفتی دیکـــە کە لەلایەن لیژنەی باڵاوە دروستکرابوو بە سەرۆکایەتی ســـەرۆکی ئەنجومەنـــی وەزیـــران، لەلای خۆمانەوە لەگەڵ دکتۆر رۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرە کوردەکان لە بەغدا دەربارەی ئەو گرفتانە قسەمان کرد، لـــەرۆژی گفتوگۆکردنی کۆتایی لەســـەر بودجـــە بەرێز دکتۆر رۆژ و وەزیرە کوردەکان هەموویان بەیەك دەنگ داکۆکییەکی زۆریان لە مەسەلەی بودجەی کوردستان کرد، دیارە دەرئەنجـــام ئەو خاڵانەی ئـــەوان دایاننابوو هەڵگیران و برگەی پێشـــمەرگە جارێکی دیکە گەڕایەوە ناو بودجە، دوای گفتوگۆکان بودجە رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران کرایەوە، ئـــەو بودجەیەی کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران رەوانەکـــرا، دوای گەیشـــتنی بودجـــە بۆ ئەنجومەنی نوێنـــەران هەندێ لە برادەرانی کوتلەکانی دیکە ویســـتیان هەندێ گرفت بێننە ئاراوە، لە کاتی گفتوگۆکاندا هەندێ لایەن ویســـتویانە بوودجەی کوردســـتان کە ئێســـتا ١٧٪یە کەمبکرێتەوە بۆ رێژەیەکی کەمتـــر، بەڵام دیارە نوێنەرانی ئێمەی کورد داکۆکییەکـــی زۆریان لەبەشـــە بوودجەی کوردســـتان کرد،دوای گفتوگۆکردن دیارە لەســـەر هەندێك بابەت و برگە نەگەیشتنە ئەنجامـــی کۆتایـــی، ئێســـتا بودجەیـــان گەڕاندۆتـــەوە بـــۆ حکومـــەت و چەندین

**لە نەفەقاتی حاکیمە هەرچەند کەم بکرێتەوە بۆ کوردستان گرفت نییە، چونکە کوردستان جارێکی دیکە ١٧٪ ی لێوەر دەگرێتەوە**

**لەڕۆژی گفتوگۆکردنی کۆتایی لەسەر بودجە بەڕێز دکتۆر ڕۆژ و وەزیرە کوردەکان هەموویان بەیەک دەنگ داکۆکییەکی زۆریان لە مەسەلەی بودجەی کوردستان کرد**

پرسیاریان دەربارەی بڕگەکان هەبووە، ئێمە لەلای خۆمان وەك وەزارەتی دارایی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دایەوە و ئومێدەوارین چی دیکە گرفت بۆ بودجە دروست نەبێت و لە ئێستاشدا ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە تاکو لەڕێگای ئەوانەوە بنێردرێتەوە بۆ پەرلەمان.

***دوای ئەو تێبینیانەی پەرلەمان و گەڕانەوەی بوودجە وەڵامەکانی وەزارەتی دارایی لەسەر ئەو تێبینیانە و ئێستا چۆتەوە ئەنجومەنی وەزیران، ئەم ساڵ بوودجەی عیراق بە گشتی چەندەو دوای ئەو تێبینیانە هەندێك دەڵێن ئەو ڕێژەیە کە ١٧٪ یە کەمتر دەبێتەوە، دەربارەی ئەو لایەنە چی دەڵێن؟**

- نەخێر، بە هیچ جۆرێك لەلایەن حکومەتەوە کەم نەکراوەتەوە و وەکو خۆیەتی،من دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر ئەوەی دەچێتە ئەنجومەنی نوێنەران و پەسند بکرێت و گرفتی نەخەنە پێش ئەوا تاڕادەیەکی زۆر باشە هەتا ئەگەر بەو شێوەیەش بەپێی خواستی هەرێمی کوردستان نەبێت، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئێمە لە بەغدا بەتەنیا نین و لیست و لایەنی زۆر لە ئێمە زۆرتری تێدایە کە هەندێ جار تەگەرە دەخەنە بەردەم بڕیارەکان، بەداخەوە هەندێ کەس نازانن لەبەغدا چی دەگوزەرێت چونکە لە کاتی گفتوگۆکاندا بەدەیان پرسیارت لێدەکرێت تۆ دەبێت وەڵامی هەموویان بدەیتەوە.

***ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عیراق دەڵێن بودجەی عیراق لە ساڵی داهاتوودا بە بەراورد لەگەڵ ئەم ساڵ زیاد دەبێت، بەڵام دوای لێدەرکردنی نەفەقاتی دیکە دەگوترێش بودجەی کوردستان کەم دەبێتەوە، ئایا هیچ بابەتی وا لە ئارادایە؟**

- هەمیشە کە بودجەی گشتی حساب دەکرێت، دوو جۆر نەفەقاتی لێ کەم دەکرێتەوە، یەکێکیان پێی دەگوترێت نەفەقاتی سیادی ئەوی دیکە حاکیمە، لە نەفەقاتی حاکیمە هەرچەند کەم بکرێتەوە بۆ کوردستان گرفت نییە، چونکە کوردستان جارێکی دیکە ١٧٪ ی لێوەردەگرێتەوە، دوایی وەریدەگرنەوە بێجگە لە چواردە ترلیۆن و سێ سەد ملیار، ئەویش یان بە ئازووقە یان بە دەرمان یان بە بڕە پارە پێیان دەدرێتەوە، کەواتە بودجەی کوردستان نەك چواردە ترلیۆن و سێ سەد ملیارە، بەڵکو بەشە بوودجەی کوردستان شازدە تریلیۆنە نەك چواردە ترلیۆن و سێ سەد ملیار.

***پەرلەمانتارێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عیراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ١٧٪ یەی بۆ کوردستان تەرخاندەکرێت، هیچ ساڵێك لە ١١٪ تێنەپەڕیوە، ئەمە چۆنە؟**

- پێکهاتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەڵێت ١٧٪ لە بوودجەی عیراق دوای لێدەرکردنی نەفەقاتی سیادی و حاکمە، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت ئەدی بۆچی ئێستا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لیست و قەوارەکان کردوویانەتە مشتومڕو دەڵێن ئێوە ساڵانە لە ١٧٪ی بودجە دەدەنە کوردستان

**گرفتەکانی بەردەم بودجەی عیراق زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان بوو،کە لەلایەن خودی سەرۆک وەزیران و حوسێن شەهرستانی دروستکران**

دەبێت کەم بکرێتەوە، ئەو نەفەقاتی سیادی و حاکمەی لێدەرناکات و لە پشکی کوردستان ڕێژە وەردەگرێتەوە لەگەڵ ئیجمالی ئینجا ١١ ٪ دەردەچێت.

***لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پڕۆژە یاسای بودجەی خەمڵێندراوی پەسندکرد، ئەم هەنگاوە چ گرنگییەکی هەیە بەتایبەتی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو بودجەیەی ئێوە ڕەوانەی پەرلەمانتان کردووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی باشیان کردووە، حکومەتی هەرێم پێشتر چاوەڕوانی دەکرد بودجەی عیراق پەسندبکرایە ئینجا ئەوان بودجەی خۆیان لەسەر ئەو دروست دەکرد، کە ڕەنگە لە مانگی ئاب یان ئەیلول پەسند بکرایە، کە ئەوە ناکرێت، دەبێت بوودجە هەمیشە لە سەرەتای ساڵ پەسند بکرێت، بەڵام لە عیراقیش چونکە کێشەی سیاسی لەئارادایە، هەر لە مانگی شوبات یان ئادار پەسەند دەکرێت، ئێمە چەندین جار گوتوومانە کوردستان دوای ئەوەی بودجەی خۆی زانی دەتوانێت بودجەکەی دابنێت، حکومەتی هەرێم نزیکەی مانگی ئەیلول پشکی خۆی دەزانێت، چونکە بودجەی ئێمە لەو مانگەدا لە وەزارەتی دارایی تەواو دەبێت.

